دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران


ژمارە ٦٥٩، یەکشەممە، ای خەرمانانی ١٣٩٤، ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

*

**پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە** لاپەڕە ٢ >>



**پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب ...** ٤



**بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...** ٦



**وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە ...** ٩



**پەیمانی سێڤەر و سنوورە دەستکردەکان** ١٠

# حەفتا ساڵ سەربەرزی




حەفتا ساڵ بەسەر خەباتی سەربەرزانەی حیزبی دێموکرات لەپێناو ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی تێپەڕیوە. بەم بۆنەیەوە خەڵکی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەڕێوەبردنی چالاکی و ڕێوڕەسمی جۆراجۆر، ڕێزیان لە ڕۆڵ و دەوری ئەم حیزبە لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەی کورد گرتووە.

هەر بەم بۆنەیەوە، ڕۆژی یەکشەممە بیست و پێنجی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کۆیەدا بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە پێشکەش کردنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەم بۆنەیەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پەیامەکەی خۆیدا ئاماژەی کرد کە: «بە هۆی تایبەتمەندی بارودۆخی کورد بەگشتی و خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەوە حیزبی دێموکراتە کە خۆی دەوڵەت یان کۆمارێکی دیفاکتۆ (دەوڵەتی کۆماری کوردستان) بونیات دەنێت کە نوێنەرایەتی ویست و داخوازی گشتی هەموو تاکی نەتەوەی کورد دەکات کە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی کیانێکی سیاسی دێموکراتیکە.»

بەڕێزیان جیاوازییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێندێك لە حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ئەوەیە کە ئەخلاقی هێناوەتە نێو سیاسەت، بۆیە هیچ کاتێك سیاسەت بە مانا ماکیاڤێلیستیەکەی پێڕەو ناکات و بڕوای وایە لە ڕێگەی دژە مرۆڤانە و نادروست ناکرێ بگەینە ئامانجەکانی باڵای مرۆڤایەتی.

بەڕێز هیجری جەختی کردەوە کە: «حیزبی دێموکرات وەکوو بزووتنەوەیەکی مافخواز و دێموکراسیخواز لە ئوسوول و بنەما سەرەکییەکانی کە لەسەری دامەزراوە تاوەکوو ئەمڕۆ نەك هەر لای نەداوە، بەڵکوو بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و خوێندنەوەی واقعی سیاسی و بنەماکانی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی کورد، زیاتریش پێی پابەند بووە.»

سکرتێری گشتیی حیزب بە هێما کردن بۆ خەسار و کەم و کووڕییەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند: «دابەشبوونەکان، دابڕانەکان، پشتبەستن بە دوژمنان، هەڵسووکەوتی دیکتاتۆرانە لە ژێر ناوی دێموکراسی، پێڕەو کردنی سیاسەت بە شێوەی کلاسیك و خۆدزینەوە لە تازەگەری، دیتنی بەرژەوەندییە حیزبی، گرووپی و تەنانەت تاکەکەسییەکان لە سەرووی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و زۆری دیکەش، دەکەونە خانەی ئەو ڕەخنانەوە کە هەمووومان کەم و زۆر تێیدا بەشدارین.»

بەڕێزیان هەروەها ئاماژەیان کرد کە «ڕێگای ڕزگاریش ئەوەیە کە هەموومان بە چاوخشاندنەوە بە هەڵەکانماندا و بەلەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی دەوروبەرمان خەبات بە شێوەیەکی نوێ و سەردەمیانە درێژە پێ بدەین، خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیر بە پەندوەرگرتن لە هەڵەکان و بە شێوەیەکی یەکگرتوو هەوڵ بۆ گەیشتن بە ستراتیژی نەتەوەییمان بدەین.»

هەروەها، بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەولەیەکی سەربازییان بەڕێوە بردبوو کە لەو بۆنەیەدا ڕێزیان لێ گیرا.

لە بڕگەیەکی دیکەدا، لەوحی ڕێزلێنان بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ٧ تێکۆشەری ماندوونەناسی ڕێبازی حیزبی دێموکرات کە بریتی بوون لە «پەروانە دانشوەر» وەکوو لە مێژینەترین کچی بنەماڵەی شەهیدی حیزبی دێموکرات، «سەید عەلی ڕەحمانی» لە مێژینەترین خەباتکاری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، «هاوڕێ ئیسماعیلی» وەکوو لە مێژینەترین پێشمەرگەی ژن، «نەسرین قاسملوو» هاوسەری بە ئەمەگی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو وەکوو کەسایەتی تێکۆشەر و دۆستی گەلی کورد، «مەلا حەسەن شیوەسەڵی» وەکوو شەهیدی زیندوو و ئەندامی شانازیپێدراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، «عەبدوڵڵا عیزەتپوور» وەکوو کەسایەتی تێکۆشەر و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزب، «کەریم حەداد» کەسایەتی تێکۆشەر و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا.

دواتر، پەیامی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن «فاتمە عوسمانی»ەوە سکرتێری یەکیەتیی ژنان خوێندرایەوە.

هەر بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چەندین حیزب و لایەنی سیاسی پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی ڕێوڕەسمەکە کردبوو کە بریتی بوون لە:

- یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستنی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە
- پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆیە
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆیە
- بزوتنەی گۆڕان، کۆیە
- پارتی سوسیالیستی کوردستان، باکوور
- جنبش جمهوریخواهان دمکرات و لایک ایران
- حیزبی شیوعی کوردستان، کۆیە
- یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمیتەی ڕێکخستنی ای کۆیە

دەقی تەواوی پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەیەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٧٠ ساڵ بە سە رتەمەنی پڕ لە خەبات و شانازیی حیزبەکەماندا تێپەڕ بوو. مێژوویەکی پڕ لە سەروەری، شانازی، دەستکەوت و پێکهێنانی دەیان نرخی نەتەوەیی، لە هەمان کاتیشدا تەژی لە قوربانی دان، فیداکاری و لێوانلێو لە هەوراز و نشێوی پڕ لە کەند و کۆسپ.

حیزبی دێموکرات، ٧٠ ساڵە لە مەیدانی تێکۆشان بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێ‌دەکۆشێ، قوربانی دەدا و بۆ داهاتوویەکی باشتر بۆ نەتەوەکەی بە بێ وچان لە هەوڵدایە. لەو ٧٠ ساڵەدا، هەر بڕگەیەکی مێژوو هەڵدەینەوە، چاو لە هەر کەلێن و قوژبنێکی خاکی نیشتمان بکەین، سەیری هەر ڕووداو یا بەسەرهاتێکی نەتەوەکەمان بکەین شوێن پێی حیزب و جێ‌پەنجەی تێکۆشەرانی دێموکراتی پێوە دیارە. بە شێوەیەك کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین مێژووی حیزبی دێموکرات و مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەقاودەق ڕوونووسی هەمان دەقن.

ئەگەر بمانەوێ تەنیا سەرباسی سەروەرییەکانی حیزب ڕیز کەینەوە، بێگومان لە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار، بگرە لە تاووتوێی چەندین کتێبدا جێگایان نابێتەوە. تەنیا باس کردن لە هێندێك شانازی دەتوانێ بەرەکانی ئێستا و داهاتوو بەرەو گەنجینەیەك ڕێنوێنی بکا کە هەتا هەتایە لە مێژوودا دەدرەوشێتەوە.

بەردی بناغەی کاری حیزبایەتیمان لە سەر بنەمای بەڵێنییەکی نیشتیمانی و ئەخلاقی دامەزراوە کە ئەندامانی حیزب لە یەکەم ڕۆژی بەشدارییان لە تێکۆشانی سیاسی‌دا بە خاك و خەڵکی نیشتمانیان دەدەن. مێژووی خەباتی حیزب زیندووترین شاهیدە کە ڕێبوارانی ڕێگای دێموکرات تا سەرکەوتن یا سەردانان لە پێناوی سەرکەوتن‌دا بەو بەڵێنە وەفادار دەمێننەوە. واتا خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان و ئازادیی وڵات بنەمای خەباتی حیزبایەتیمان و ڕێپیشاندەری ڕێگامانە. یەکەم دەستکەوتی حیزب، تێکۆشانی بە کۆمەڵ و بە ڕێکخراو لە چوارچێوەی حیزبێکی بە بەرنامە و خاوەن قەوارەی ڕێکخراوەیی‌دا بوو کە وەك سەروەری لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا تۆمار کراوە و لەو کاتەوە بووە بە سەرچاوەی خەباتی بە ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پاش دامەزرانی حیزب و لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕێبازەدا کە حیزبی دێموکرات دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری بوو، هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، تەنانەت ئەو ڕێکخراوانەی کە دژبەری حیزبیش بوون، لە ئەزموونی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات کەڵکیان وەرگرتوە و لەوێ ڕا بەرەو قەوارەیەکی جیاواز هەنگاویان ناوەتەوە.

بەڵام بەرهەمی سیاسی حیزبی دێموکرات تەنیا لە چوارچێوەی

درێژەی لە لاپەڕە ٢

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!
کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان!
نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!
نوێنەرانی دیپلۆماسی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان!

بە پێی ئاگادارکردن و ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران شەوی هەینی لەسەر شەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، چەند بۆمبێکی بەهێز لەلایەن ڕایەڵەیەکی تیرۆریستی دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دزەکردن بۆ نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوەی بنەماڵە و ئەندامانی کۆمەڵە چێندرا کە بە خۆشیەوە پێش تەقینەوە دۆزرایەوە و لەلایەن تیمی پسپۆرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پووچەڵ کرانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە ڕاگەیەندرا کە هەوڵی تیرۆری یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیش پووچەڵ کراوەتەوە کە بێ‌گومان لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو پیلانانەدا زیانی گیانی و ماڵی بەرچاوی بەدواوە دەبوو.

ئێمە وێڕای دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ ئەو لایەنانە و مەحکوومکردنی ئەو بۆمبدانان و هەوڵە تیرۆریستیانە وەبیر دێنینەوە کە هاوکات و پێش ڕێککەوتنە ناوکییەکەی نێوان کۆماری ئیسلامی و گرووپی ١+٥ ڕامانگەیاندبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای ئەو ڕێککەوتنەدا هەم دەستە و تاقمە تیرۆریستییەکانی بەستراوە بە خۆی بەهێز دەکا کە ئەوەش ئاڵۆزی زیاتری ناوچەی لێدەکەوێتەوە و هەم دەستی بۆ کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوە لە ڕێگای بەکرێگیراوانیەوە ئاوەڵاتر دەکا و لەو بارەوە هۆشداریمان دا و هەموو لایەکمان ئاگادار کردەوە کە بەداخەوە ئێستا بەکردەوە دەبینین.

بۆیە لەو پێوەندییەدا کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، وڵاتانی ١+٥ و گشت لایەك لە مەترسیی کارە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی و بۆسەر بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و ... بە تایبەتی ئاگادار دەکەینەوە و چاوەڕوانین کە لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە بەر بە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرن و ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بێ بۆمبی ناوکییش لە نێوەڕۆکی خۆیدا بۆ کۆمەڵگای جیهانی، وڵاتانی ناوچە و خەڵکی ئێران مەترسیدارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٩ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی
١٠ی ئوتی ٢٠١٥ی زایینی

# بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ لە کوردستان

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٠هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان لە شێوازی بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بەم بۆنە و نوسینی دروشم لە چەندین شاری کوردستان بەڕێوە برد کە بەشێکیان بەم چەشنەی خوارەوەن:

**بۆکان:**

پارکی ساحێلی، شەقامی وەرزش، پردی تازە، شەقامی ئورژانس، جادەی کۆسە، شەقامی مامۆستا بێکەس و ناوچەی میراوا، تابلۆکانی جادەی بورهان تا گوندی عیساکەند، تابلۆکانی جادەی میاندواو تا پردی حوسێن‌مامە، بلواری نەخۆشخانەی قووڵی‌پوور، گەڕەکی محەممەدی و فەرهەنگیان، فەلەکەی بەسیج تا سێ‌ڕێیانی شەهامەت، بلواری مامۆستا هەژار تا فەرهەنگیانی کولتەپە.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لەسەر پارچەیەکی یەك میتری لەسەر پردی ڕووگوزەری جادەی سەقز هەڵاوەسیبوو کە تا کاتژمێر ١١ی بەیانی ڕێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژ دەشەکایەوە.

هەروەها بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە لە ڕێگای مۆبایلەوە کورتەنامەی پیرۆزبایی «٧٠ ساڵ خەبات پیرۆز بێ»یان بۆ هاووڵاتییان ناردووە.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لەناوچەی چۆمی مەجیدخان لە نێوان ئاواییەکانی «حاجی‌لەك» و «سەرچنار» بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە و هەروەها ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەسەر تاقگەی سەیرانگای «کێوەڕەش»ی بۆکان بۆ جاری دووهەم ئاڵای کوردستانیان شەکاندووەتەوە.

**سەقز:**

کۆڵانەکانی تەنیشت پردی هەوایی و بازاڕی سەرێ، کۆڵانەکانی تەنیشت تەکیەی باباشێخ، دەوروبەری فەلەکەی شاناز، شەقامی شاناز و شەقامی کەریم‌ئاوا و کۆڵانەکانی تەنیشت مەرکەزی فەننی حیرفەیی و کۆڵانەکانی دەوروبەری بێهداشتی شەکەر ڕێز.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ چەندەمین جار لەشاری سەقز بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پوستێر و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە و دروشمی وەك «سڵاو لە حیزبی دێموکرات دامەزرێنەری کۆماری کوردستان»، «حیزبی دێموکرات یانی ٧٠ ساڵ خەبات و کۆڵنەدان»یان نووسیووەتەوە.

هەروەها لەچەندین گەڕەکی ئەو شارە وەك حەماڵ‌ئاوا، شاناز، نەشمیلان، سیلۆ و کەریم‌ئاوا بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ چالاکیان ئەنجام دا.

**شنۆ:**

ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ لە گوندی «ئاڵیاوێ» وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژیان بڵاو کردەوە.

**ورمێ:**

پارکی تۆخمە مۆرغی (تخمه مرغی)، سێ‌ڕێیانی ئەلواج نزیك پاسگا، شارۆچکەی ئیسلام‌ئاباد، کۆڵانی ترانس، کۆڵانی قوتابخانەی ڕاە شۆهەدا (راه شهدا)، کۆڵانی شیرینی‌سەرای سلسەبیل، کۆڵانی دەوروبەری مزگەوتی ئەهلی سوننە، ئیسلام ئاباد و مزگەوتی قودس .

**کامیاران :**

شارەکی بێعسەت فازی یەك و دوو، شارەکی هیلالی ئەحمەر، کامیارانە کۆن، کۆڵانەکانی دەوروبەری بیمارستانی سینا، کۆڵانەکانی دەوروبەری مزگەوتی جامیعە، شەقامی دوکتور قاسملوو، شەقامی کوردستان (جادەی سنە)، هونەرستانی فەننی و حیرفەیی خارەزمی.

**سنە:**

نایسەر، گەڕەکی فەرەجە، ئاغا زەمان، شەریف ئاوا، شارەکی پەردیس، گریاشان، کانی کووزەڵە.

**نەغەدە:**

ڕێبوارانی ڕێگەی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ شەوی هەینی ڕێکەوتی٢٣ی گەلاوێژ سەرەڕای زاڵ بوونی کەش وهەوای ئەمنیەتی، ٢٥ باڵۆنیان لە شوێنەکانی وەك دەوروبەری «پارکی موعەلیم» هەڵداوە، بە چەشنێك کە بە ئاسمانی شارەوە نەخشابوون و بە ڕوونی دەبیندران .

لەگوندەکانی «وەزنێ» و «حەلبێ و کویکان»ی نەغەدەش ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ هەڵکرابوو.

**ڕەبەت:**

دێموکراتپەروەرانی ڕێبازی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی لەوشارە بە بڵاوکردنەوەی سی‌دی، تراکت و نووسینی دروشم چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**مەهاباد:**

تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد لەگوندی «خوڕخوره» سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد، چالاکیی تەبلیغییان بەبۆنەی ٧٠هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ و نووسینی دروشمی پێوەندیدار ئەو یادەیان بەرز ڕاگرت.

هەروەها، ڕۆڵەکانی دێموکرات بەبۆنەی جێژنی نەتەوەیی ٢٥ی گەلاوێژ، لە شارەدێی شمشێر سەر بە پاوە و دەوروبەری چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆڵە قارەمانە بە ئەمەگەکانی دێموکرات بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، لەسەر لووتکەی چیای «دەماوەند» کە بەرزترین چیای ئێرانە «ئاڵای کوردستان»یان هەڵکردووە.

لە درێژەی چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ژمارەیەك لەئەندامانی حیزب، کەسایەتی فەرهەنگی و زانکۆیی لەشارەکانی ورمێ، شنۆ، مەهاباد و بۆکان چوونەتە سەر کێوی داڵانپەڕ لە سێ‌سنوور و بە خوێندنەوەی شێعر و پەخشان و هێنانە بەرباسی هەلومەرجی ئێستای قۆناغی خەباتی نەتەوەیی کورد بە گشتی و بە تایبەت خەباتی خوێناوی حیزبی دێموکرات یادی ٢٥ی گەلاوێژیان بەرز ڕاگرتووە و پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ حیزب نوێ کردووەتەوە.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە

ڕۆژی جیهانیی لاوان پیرۆز بێ!

ڕۆژی ١٢ی ئوگوست ڕۆژی جیهانیی لاوانە، بەم بۆنەوە پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو لاوانی جیهان بە تایبەت لاوانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

لاوانی تێکۆشەر و خۆشەویست !

گرنگی دەوری لاوان لە پێشکەوتن، داهێنان و ژیانێکی ئازاد و بەختەوەرانە لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوڕۆی دنیا، بە تایبەت لە ڕۆژی جیهانی لاواندا، هەلومەرجی نالەبار و بێ‌بەشیی لاوانی ئێران و بە تایبەت لاوانی کوردی خۆرهەڵاتمان بیر دەخاتەوە کە چۆن لە ژێرباری زەخت و زۆری ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی‌دا لە هەموو خۆشی ژیان بێ بەشن و ڕۆژانە بە بەهانەگەلی بێ‌بنەما ئیعدام دەکرێن و تەمەنی لاوەتییان لە زیندانەکاندا تێپەڕ دەبێ.

لەو بێ‌بەشی و ستەملێکراوییەدا، کیژانی لاوی کورد دووقات کەوتوونەتە ژێر باری زۆرداریی ڕێژیم و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان وەك لەبەرکردنی جل و بەرگ لە کۆمەڵگا و شوێنی کار لە ژێر چاوەدێریی بەکرێگیراوانی ڕێژیم‌دایە و ڕۆژانە گوێبیستی سزای دڕندانەی مۆرەکانی ڕێژیم وەك ئەسیدپرژاندن و ... دەبین.

بۆیە پێمان وایە ڕۆژی ڕاستەقینەی لاوانی کورد ئەو ڕۆژە دەبێ کە ئەوان و هەموو چین و توێژەکانی ئێران شاهیدی نەمانی ئەو ڕێژیمە داسەپاوە بن، ئێمە دڵنیایین کە لاوانی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران ئەو توانایەیان تێدایە و سەرئەنجام وەکوو زۆرێك لە وڵاتانی دیکتاتۆری، بەهێزی یەکگرتوویی خۆیان ئەو ڕۆژە وەدی دێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی / مستەفا هیجری
٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی

# ڕێوڕەسمی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی تەمەنی پڕشکۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێتەختی هەرێمی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی و نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە ساڵۆنی پێشەوا بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێك بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر محەممەدساڵح قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخێرهاتنی سەرجەم میوانانی ئەم ڕێوڕەسمەی کرد و یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پیرۆزبایی کرد.

پاشان بەڕێز «تەیموور مستەفایی» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

تەیموور مستەفایی لە وتەکانیدا سەرەتا باسی لە خەبات و تێکۆشانی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و ڕایگەیاند: «مێژووی حیزبی دێموکرات لە هەر قۆناغێکدا جێگای شانازی و سەروەرییە بۆ ئەندامانی ئەو حیزبە و خەڵکی کوردستان، لە سەردەمی خەباتی چەکداری‌دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەتەنیا بە زەرەری حیزبەکانی دیکەی کوردستان کاری نەکردووە، بەڵکوو بە بەڵگە سەلماندوویەتی کە بە سوودی حیزبەکانی کوردستان کاری کردووە».

بەڕێز مستەفایی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە سەردەمی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەسەری‌دا سەپا و گەلی کوردیش دژ بەو هێرشانەی ڕێژیمی ئێران بەرگری لە کەرامت و ناموسی خۆی کرد.

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە «ئەو جینایەتانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ٣٦ ساڵ لەمەوبەر لەسەردەمی خۆی لە کوردستان کردوویەتی، ئێستا داعش ئەنجامی دەدات و داعش لە ڕێژیمی ئێران ئەو کردەوە و جەنایەتانە فێر بووە.».

ناوبراو لە درێژەدا ڕایگەیاند کە: «ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران عەقڵییەتی چارەسەری دۆزی کورد و دانووستانی نییە و ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕێژیمی ئێران دۆستی گەلی کورد لە هیچ کام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە».

تەیموور مستەفایی لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە: «ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکەمان کۆڵ نادەین و وەك دوکتور سادق شەرەفکەندی دەفەرمێت «یا سەر دەکەوین یا لە تەنیشت شەهیدەکانمان سەر دەنێینەوە» و دەست لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان هەڵناگرین».

نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بە کۆمەڵێك سرود و گۆرانی و شێعری حەماسی ڕازێندرابوویەوە کە لەلایەن بەشداربوانەوە پێشوازیی گەرمی لێکرا.

هەر لەم ڕێوڕەسمەدا کۆمەڵێك پەیامی پیرۆزبایی بە دەستی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە گەیشتبوو کە ناوەکانیان بریتین لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستان
— کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان (YNDK)
- پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە
- ڕۆژنامەی خەبات ـ ئۆرگانی پارتی دێموکراتی کوردستان
- پارتی سوسیالیستی باکوور
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- حیزبی شیوعی کوردستان
- بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کورد
— مەڵبەندی ٣ی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
- بزووتنەوەی ئاشتی و دێموکراسی بۆ کوردستان
- دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- بزوتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان
- هە دە پە (HDP)
- عوسمان ئۆجالان
- سینەم خان بەدرخان
- سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات

هەروەها بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە ساڵۆنی پێشەوا پێشانگایەکی وێنە لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کرابوویەوە.

## درێژەی سەروتار

خەباتی ڕێکخراوەیی و لە نێو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرتەسك نابێتەوە. حیزب، کۆماری کوردستانی دامەزراند کە لە ماوەی ١١ مانگ ژیانی سیاسی‌دا، مێژوویەکی زێڕینی بۆ نەتەوەی کورد خولقاند وناسنامە و سەروەریی نەتەوەیی بەرهەم هێنا. بە دامەزرانی کۆمار، گەلی کورد متمانەی بە هێز وهەبوونی خۆی پەیدا کرد، سوپای نەتەوەیی دامەزراند، بیری یەکسانی و دابەش کردنی دەسەڵاتی سیاسی پەرە پێدا، بەڕیوەبەریی خۆماڵی وەرێخست و ئاڵای نەتەوەیی بەرز کردەوە. هەمووی ئەو دەستکەوتانە لە مەکتەبی دێموکراتەوە سەریان هەڵداوە، پێیان نایە ژیانەوە و بەڵگەکانی مێژووی کوردیان خەملاندەوە. ئێستا ئەو کۆمەڵە دەستکەوتە سنووری حیزبایەتی و هەرێمیان تێپەڕاندوە و بوون بە نرخی بەرزی نەتەوەیی و جێگای شانازی بۆ هەموو نەتەوەی کورد.

حیزبی دێموکرات مێژوویەکی پڕ لە قوربانی‌دان و فیداکاری هەیە. بۆ هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەکەمان لە سەرانسەری کوردستان شانازییەکی گەورەیە کە یەکەم ڕێبەری حیزب و یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستان بوو بە پێشەنگی کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی نیشتمان. دوکتۆر قاسملووی مەزن و دوکتور شەرەفکەندیی ماندوویی نەناس، ئاڵای خەباتی پێشەوایان بەرز کردەوە و وەکوو پێشەوا سەریان لە پێناو ئەو ئاڵایەدا بەخشی. بە هەزاران لاوی بژاردەی نیشتمان، بە سەدان فەرماندەی لێزان و بوێر، بە دەیان ڕێبەری تێگەیشتوو لە داوێنی حیزبی دێموکراتدا پێ گەیشتن و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەیاندا گیانیان بەخت کرد. خوێنی شەهیدان و ناو و ڕێبازیان، ئێستا بووە بە بەرزترین نرخی نەتەوەیی و سەمبولێکی پیرۆز لە لای هەر مرۆڤێکی یەکسانیخواز و لایەنگری ئازادی و بەرابەریی مافی گەلان.

باسی فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە بست بە بستی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەتا هەتایە لە سەر زار و زمانی ئەویندارانی ئازادی دەمێنێتەوە و وەك سەرچاوەی خۆڕاگری و ئیرادە تەماشای دەکرێ. بە هۆی ئەو فیداکارییانەوە، پێشمەرگە بووە بە ناوونیشانی ئازایەتی، لە خۆبوردەیی، ناوچاکی و ڕێبازپاکی. هەر بۆیەش، لە هەر جێگایەك کە ناوی پێشمەرگە هەبێ، هیوا بە هێزە، ڕووناکایی هەیە و ئیرادە خۆی دەنوێنێ.

٧٠ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات پڕە لە هەوراز و نشێو. هەورازی دژواری خەبات، هەورازی سەخت بەڵام ڕوو لە لووتکەی سەرکەوتن ونشێوی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و بۆسەی نادیار. بەڵام نرخ و دەستکەوتەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە هەموو کات و ساتێکی ئەو ٧٠ ساڵەدا بوون بە ڕێبەر، پێشەنگ و ڕێ پیشاندەری تێکۆشانمان و بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر ڕێنوێنیمان دەکەن.

یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەویندارانی ناو و ڕێبازی دێموکرات پیرۆز بێ.

# پەیامی بەڕێز مەسعوود تەک
## بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە

بۆ بەڕێز کاک مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

بەبۆنەی حەفتادەمین ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی حیزبی خەباتگێڕی ئێوە، حیزبی دۆست و برا، من بە ناوی تەواوی ئەندام و لایەنگرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان، گەرمترین و دڵسۆزانەترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی ئێوەی بەڕێز و لە ڕێگای جەنابیشتەوە، پێشکەشی هەموو بەرپرس، کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.

ئێمە دڵنیاین کە حیزبی پێشەوای نەمر و ڕێبوارانی ڕێگای شەهید قاسملوو و د. سەعید و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی، بە پشت بەستن بە ئەزموونی ٧٠ ساڵەی خۆیان، بە پشت بەستن و باوەڕمەندبوون بە هێزی گەل و بەرحەقیی و ڕەوایی دۆزی نەتەوەیی ئێوە، چالاکی و خەباتی خۆتان بەهێزتر دەکەن و بەرەو پێشەوە دەبەن.

ئێمە بە دۆستایەتی و پێوەندی برایانەی نێوان پارتی سۆسیالیستی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربڵێندین.

هەر بەو هەستەوە جارێکی دیکە پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی ئێوەی بەڕێز دەکەم و هیوام سەرکەوتنی حیزبەکەتانە.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مەسعوود تەك
سکرتێری گشتی
١٣,٠٨,٢٠١٥

# لە مەریوان مانۆڕی نیزامی ئاگرکەوتنی داربەڕووەکانی لێکەوتەوە

مانۆڕی نیزامی ئەرتەش لەمەریوان، ئاگرکەوتنەوەی لە داربەڕووەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسی لە کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ، لە ئەنجامی بەڕێوەچوونی مانۆڕی نیزامیی تیپی ٣٢٨ هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لەشاری مەریوان دارستانەکانی «کانی قولْجان» هەڵکەوتوو لە ١٥کیلومێتری باکووری ڕۆژئاوای ئەو شارە لە ئاگردا سووتان.

دەوترێ، بەهۆی ئەو ئاگرکەوتنەوەیە چەندین هێکتار لە داربەڕووەکانی ئەو ناوچەیە لەناو چوون.

لەماوەی چەندساڵی رابردوودا ئەو ناوچەیە بە بەردەوامیی تووشی ئاگرکەوتنەوە بووە.

لەدرێژەی تەشەنەسەندنی ئاگرکەوتنەوەکان و خەملاندنی ڕێژە و خەساری بەرکەوتوو لە دارستانەکانی زاگرۆس، ئەندامانی ژینگەپارێزی شارەکانی مەریوان، پاوە، سنە، ئیلام، سەلاسی باوەجانی و جوانڕۆ و بەشێک لەچالاکانی ژینگە بۆ ئاڵوگۆڕی بیر و ڕاگۆڕینەوە و چۆنیەتی پێشگیری لەو ئاگرکەوتنەوانە لەشاری مەریوان کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوە بردووە.

ئەنجومەن و ناوەندەکانی ژینگەپارێزی پاش ئەو کۆبوونەوەیە سەبارەت بە قەیرانی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی زاگرۆس بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.

# هێزە نیزامییەکان لە شاری سەقز ٣ کاسبکاریان دایە بەر تەقەی ڕاستەوخۆ

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە گوندی «ڕۆسەمانی» سەر بە شاری سەقز، بە بیانووی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاغ تەقەیان لە ماشینێکی جۆری سێ ئێف کرد کە بەو هۆیەوە سێ کاسبکاری کورد، کە هەر سێکیان برا بوون بە توندی بریندار دەبن.

ئەو سێ کاسبکارە کوردە دوای برینداربوونیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم، بە هۆی قووڵیی برینەکانیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری سەقز کراون.

نەبوونی کارخانە، کارگە، هەلی کار و سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهات، بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی بژیویی خەڵکی ناوچە و خەڵك بەناچاری ڕوویان لە کاری پڕ مەترسیی کۆڵبەری لەسەر سنوورەکان کردووە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئامارەکان نیشان دەدەن کە لە ماوەی ٥ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، ١٦ کۆڵبەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم لە سنوورەکانی کوردستان بوونەتە قوربانی کە لە کۆی گشتی ٨ کۆڵبەر کوژراون و ٨ ی دیکەش بریندار بوون.

# تیزاو قوربانییەکی دیکەی گرت

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، ژنێکی کوردی خەڵکی بانە لەلایەن ٤ کەسەوە لە شەقامی کەمەربەندی هێرشی کراوەتە سەر و تێزابیان پێدا پژاندووە و بەشێکی زۆر لە دەموچاو و جەستەی بریندار بووە.

شووناسی ئەم هاووڵاتییە کوردە بریتییە لە «ئەفسانە قادری» تەمەن ٣٧ ساڵ کە پاش ڕووداوەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری سنە کراوە.

ئەمە لەحاڵێکدایە کە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕیش لەشاری بۆکان ٧ کچ و ژنی کورد لە سێ ڕێیانی سەنگینی بۆکان تێزابیان پێدا پژێندرا و ماوەیەك دواتریش چەندین بنەماڵەی چالاکی سیاسی لە شاری سەقز لە ڕێگەی تێلێفۆنەوە هەڕەشەی پێداکردنی تێزابیان لێکرا.

# پیشانگایەکی وێنە، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەگای سەرەکیی حیزب لە شاری کۆیە کرایەوە

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، پیشانگایەکی وێنە بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حدکا لە بارەگای سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە کرایەوە.

ئەو پیشانگایە لە لایەن محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کرایەوە و هەر وەها بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لە کردنەوەی ئەو پیشانگایە بەشدار بوون.

پیشانگاکە مێژووی ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازدا واتا لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان، شۆڕشی چەکداریی ٤٧ ـ ١٣٤٦ و شۆڕشی گەلانی ئێران تا سەردەمی ئێستای خەباتی حیزبی دێموکراتی لە خۆوە گرتبوو کە هەر قۆناغێک باس لە سەردەمێکی نوێ و جیاوازی خەباتی ئەو حیزبە دەکات.

# شەپۆلی سێیەمی HIV لەئێران و تووشبوونی ٣ هەزار کەس بەو نەخۆشییە لە کرماشان

کارناسانی نەخۆشی ئیدز باس لە شەپۆلی سێیەمی ئیدز لەئێران دەکەن، هەروەها دوایین ئامارەکان دەرخەری ئەوەن کە تەنیا لە پارێزگای کرماشان سێ هەزار کەس بە دەست ئەو ڤیروسەوە دەناڵێنێ.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەپارێزگای کرماشان سێ هەزار کەس تووشی نەخۆشی ئیدز هاتوون و لە کۆی گشتی ئەو ڕێژەیە تەنیا لەسەدا ١٥یان لەناوەندە پزیشکییەکان دەوا و دەرمانی پێشگیریی وەردەگرن.

عەلی کەماسی پسپۆڕ لە نەخۆشی ئیدز ڕایگەیاندووە ئەگەر ئەو نەخۆشییە ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە هەتا ساڵی ٢٠٢٠ ئەو قەیران و نەخۆشییە بە هیچ شێوەیەک پێشی پێ نەگیردرێت.

کەماسی ئەوەشی خستووەتەڕوو، هەر چەندە کە نزیک بە ٥٠ ناوەندی چارەسەریی لە کرماشان کراوەتەوە بەڵام ئەو ناوەندانە وڵامدەری نەخۆشییەکانی HIV نین.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان ٢٨ هەزار توشبوو بە ڤیروسی ئیدز لە ئێران هەیە و ئەو ڕێژەیەش تەنیا لە سەدا ٢٠ی ئەو تووشبوانەی دەرخستووە.

عەلی کەماسی لەدرێژەدا ئەوەشی خستووەتەڕوو، لەئێران شەپۆلی سێیەمی ئیدز وەڕێ کەوتووە و ڕێژەی ڕاستەقینەی تووشبوان لە ٢٨ هەزار کەس زۆر زیاترە.

# زیندانییەکی سیاسیی کورد بۆ زیندانی ئەراک ڕاگوێزرا

«سمکۆ خلقەتی» زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی مەهاباد کە لە بەندی ٧ی زیندانی ئێوینی تاراندا لە دەستبەسەری دا بوو، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی بۆ زیندانی شاری ئەراك ڕاگوێزرا.

سمکۆ خلقەتی، کە بڕوانامەی کارناسیی ئەندازیاری مێتالۆژی هەیە لە دامەزراوەی ناوکیی ئەراك وەکوو ئەندازیار سەرقاڵی کارکردن بوو کە ڕێکەوتی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٨٨ی هەتاوی لەو دامەزراوە ناوکییە، لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران دەستبەسەر کرا.

خلقەتی دوای دەستبەسەرکرانی بۆ بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێوین ڕاگوێزرا و دوای ئەشکەنجە و گوشاری زۆر لەلایەن بەرپرسانی زیندانی ڕێژیمەوە بۆ ماوەیەك لە زیندانی ڕەجایی شار و دواتریش لە بەندی ٣٥٠ی ئەویندا لە دەستبەسەری دابووە.

ئەو زیندانییە کوردە، لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری ئەراکەوە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم بە ١٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا و ئەو حوکمە لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە پشتڕاست کرایەوە.

# جموجۆڵی هێزە کوردییەکان لە ناوچە سنوورییەکان هەڕەشەی پێشنوێژی هەینی ورمێی لێکەوتەوە

مێهدی هاشمی نوێنەری وەلی فەقیه و پێشنوێژی هەینی ڕێژیم لەشاری ورمێ سەرەڕای هەڕەشەی توند لەهێزە کوردییەکانی جێگیر لە چیاکانی قەندیل و کێلەشین، ڕاشیگەیاندووە کە بەرەنگاری هەر چەشنە جموجۆڵێکی ئەو هێزانە دەبنەوە.

ئەو نوێنەرەی ڕێژیم وتوویەتی: «هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ناوچە سنوورییەکانی کێلەشین و قەندیل سەرقاڵی کاروباری ستراتژیکی نیزامین و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە دژی ئەو هێزە کوردییانە لە ناوچە سنوورییەکان جێگیر کراون».

هەر لەو پێوەندییەدا عەلی شەمخانی سەرۆکی شورای باڵای تەناهی نەتەوەییش دوای جێگیربوونی هێزە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چیاکانی کێلەشین و قەندیل بڕیاری ئامادەباشی بە هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم دابوو و بە فەرمی ڕایگەیاندبوو کە هێزەکانی «دژە شۆڕش» لەشکەرکێشیان بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات کردووە.

ئەو وتانە پاش ئەوە دێت کە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای جێگیربوونیان لە چیاکانی قەندیل و کێلەشین کاردانەوەی توندی ناوەندە نیزامی ـــ ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لێکەوتەوە و بە تەواوەتی ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتیان میلیتاریزە کرد.

# سیروان نژاوی زیندانیی سیاسیی کورد لە تەورێز ئێعدام کرا

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «سیروان نژوای» لە زیندانی تەورێز ئێعدام کرا.

سیروان نژوای لە ڕێکەوتی ١٤ی پوشپەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی لە شاری کەرەج دەستبەسەر و بە تۆمەتی «ئەندامەتی لە یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران» بە ئێعدام مەحکووم کرا.

حوکمی ئێعدامی سیروان نژاوی لە ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی دادوەر «جەوادی کیا» پەسند کرا.

ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە بە بێ ئامادەبوونی پارێزەر لە کاتی دادگایی کردنیدا سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا و پاشان ئەو حوکمە لە لقی ٣١ی دیوانی باڵای ڕێژیمی ئێران پشتڕاست کرایەوە.

سیروان نژاوی پێشتر لە کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، وێڕای ئیبراهیم عیساپوور، سامان نەسیم، عەلی ئەفشاری، حەبیبوڵڵا ئەفشار و یونس ئاقاییان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزان کە دواتر عەلی ئەفشاری و حەبیبوڵڵا ئەفشاری ئیعدام کران.

# هاووڵاتییەکی کورد حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا

«نامیق دلْدلْ» خەڵکی شاری بۆکان لەلایەن قازی «مۆقەیسە» لە لقی ٢٨ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە، سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

دادگایی کردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە بێ ئامادەبوونی پارێزەر بەڕێوەچووە و سەرەڕای تێپەڕبوونی ١٥ مانگ لە دەستبەسەری و دەرچوونی حوکمەکەی، لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێویندا لە دەستبەسەری دایە.

نامیق دلْدلْ پێشتریش بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج زیندانی کراوە، کە دوای ئازادکرانی لە ڕێکەوتی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی دووبارە لە شاری بۆکان دەستبەسەر و بۆ بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێوین ڕاگوێزرا.

ئەو هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی «درێژەدان بە چالاکی و پڕوپاگەندەی مەزهەبی» و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی پێڕەوی ئەهلی سوننە دەستبەسەر کراوە.

# دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە «عایشە ئیبراهیمی»، خەڵکی «سەلیم ساغۆڵ»ی سەر بە شاری مەهاباد لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی «جەڵدەی دڵەوە» ماڵاوایی لە ژیان کرد.

دایە عایشە دایکی «سەید عەزیز نیکجویان» ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتییەکی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە بوو.

تەرمی دایە عایشە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و خزم و کەس وکار و دۆستانی بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە، هاودەردیی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەس وکاری دایە عایشە و بە تایبەت سەید عەزیز نیکجویان، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ڕادەگەینێت و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو لە شنۆ

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، «عەلی نیروومەند»، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و خۆشناوی خەڵکی شارۆچکەی «نەڵۆس» سەر بە شاری شنۆ، بە هۆی بەساڵاچوویی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

دەروێش عەلی لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا دەبێتە پێشمەرگەی کۆمار و دوای ڕووخانی کۆماریش هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بەو ڕێبازە وەفادار مایەوە.

ناوبراو کەسێکی خۆشناو و جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو.

تەرمی ئەم کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری ئەو کەسایەتییە خۆشناو و نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب
# بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان !**
**کادرو پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران !**
**بەشداربووانی بەڕێزی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ !**

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر لەگەڵ ساڵی ١٩٤٥ی زایینی، لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك حیزبێکی پێشکەوتووی هاوچەرخ و ڕووداوێکی گرنگی سیاسی لە شاری سابلاخ و بە دەستی پێشەوای نەمر قازی محەممەد لەدایکبوو.

ئەو هۆکارانەی کە گرینگی یادەوەری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە تەنیا لە دروستبوونی حیزبێکی سیاسی ئاسایی بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ و کاروباری سیاسی گرووپ و تاقمێکی هزری و بەرژەوەندی ئابووری یان ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکوو دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە خۆرهەڵاتی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێك دەسکەوت و مانای سیاسی و نەتەوەیی مۆدێرنە بۆ چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

ئەگەر حیزبی سیاسی بە گشتی وەکوو گرنگترین دامەزراوە و ڕێکخراوی سیاسی لە هێندێك وڵاتدا لە بەستێنێکی ئامادەی سیاسی و یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و دروستکردنی حکوومەت پێکدەهێندرێت و دادەمەزرێت، بەڵام بە هۆی تایبەتمەندی بارودۆخی کورد بەگشتی و خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەوە حیزبی دێموکراتە کە خۆی دەوڵەت یان کۆمارێکی دیفاکتۆ (دەوڵەتی کۆماری کوردستان) بونیات دەنێت کە نوێنەرایەتی ویست و داخوازی گشتی هەموو تاکی نەتەوەی کورد دەکات کە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی کیانێکی سیاسی دێموکراتیکە. لەوەش گرنگتر، حیزبی دێموکرات توانیویەتی هاوسەنگییەك لە نێوان ئامانجە نەتەوەییەکان و بەهاکانی دێموکراسی و دادپەروەری دروست بکات، هەر بۆیە ئەم حیزبە دەبێتە جێگەی تاکبەتاکی هەموو چین و توێژ و ڕوانگەیەکی میانەڕۆ و دێموکراسیخواز. بەم مانایە کە هەموو شۆڕشگێڕێکی پابەند بە پرەنسیپەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە حیزبی دێموکراتدا جێگەیان دەبێتە و حیزب وەکوو چەترێکی جێگەی متمانە بۆ وەدیهاتنی ئامانجە باڵا مرۆییەکانیان دەزانن.

حیزبی دێموکرات تەنیا پاش ١٥٩ ڕۆژ لە دوای دامەزراندنی، بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە بونیاتنانی عەقڵانییەت و ژیانی سیاسی و ناسنامەی مۆدێرنی نەتەوەیی کورد. ئەوەی کە گرنگیی و بەهای ئەو حیزبە دووقات دەکاتەوە ئەوەیە کە ناتوانین حیزبی دێموکرات لە هەموو شانازییەکانی دیکەی کورد وەکوو کۆماری کوردستان و هەروەها بەرزکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی و بونیادنانی ناسیۆنالیزمێکی هاوچەرخ و ناسنامەی نەتەوەیی مۆدێرنی کورد جیا بکەینەوە.

تایبەتمەندییەکی کە حیزبی دێموکرات لە ژیانی سیاسی کورددا زیاتر تاقانە دەکات، ئەوەیە کە ئەو حیزبە دەبێتە مۆدیلێکی سیاسی مۆدێرن بۆ ڕێکخستن و ژیانی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە چوار پارچەی کوردستان. گرنگترین ئاسەوار و دەسکەوتەکانی ئەو حیزبە بریتی بوو لە گرێدانی هەر سێ بنەما و فاکتۆری (خاك و نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی)، کە لە چوارچێوەی کیانێکی سیاسی بە ناوی کۆماری کوردستان کە بەدیهێنەر و بونیاتنەری یەکپارچەیی نەتەوەیی- سیاسی بۆ کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی ژێر چەپۆك و چەوساوە و بێدەرەتان بوو وەدیهێنا کە تاوەکوو ئێستا کە حەفتا ساڵ بەسەریدا تێدەپەڕێت، سەرەڕای هەموو کۆسپ و قۆناخە تراژیدی و تاڵەکانی مێژووی خۆی و نەتەوەی کورد لەسەر ئەو بنەما و پرەنسیپانەی کە لە ڕۆژی یەکەمەوە لە سەری دامەزرا، لای نەداوە. ئەمەش بەمانای چەقبەستوویی سیاسی و ئایدۆلۆژی نایەت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بە مانای بڕوابوونی شێلگیرانەی حیزبی دێموکراتە بە بنەماکانی دێموکراسی و ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی کورد. لەلایەکی دیکەوە ئەمەش دەربڕی واقعبینی قووڵی سیاسی ئەو حیزبەیە کە بە بێبەدیهاتنی سیستەمێکی سیاسی دێموکراتیك لە ئێران و لە نێوخۆی کوردستان، ڕزگاری و ئازادی و مافی نەتەوەیی کورد نایەتە دی و، مرۆڤی کورد ڕزگاری نابێت لە سەرکوت و چەوساندنەوە.

ئەوە بێجگە لەو سیمبۆلە نەتەوەییانەی وەك ئاڵا و سروود و دروستکردنی سوپای میللی و پێشمەرگەی کوردستانە کە تاوەکوو ئێستا هەر بەردەوامن و هەموو کوردێك شانازیان پێوە دەکات و ئەمڕۆکە لە ئاستی جیهانیدا کوردی پێ دەناسرێتەوە.

جیاوازییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێندێك لە حیزبە سیاسییەکانی دیکە ئەوەیە کە ئەخلاقی هێناوەتە نێو سیاسەت، بۆیە هیچ کاتێك سیاسەت بە مانا ماکیاڤێلیستیەکەی پێڕەو ناکات و بڕوای وایە لە ڕێگەی دژە مرۆڤانە و نادروست ناکرێ بگەینە ئامانجەکانی باڵای مرۆڤایەتی، ئاکامی ئەو بیروبڕوایە دەبێتە ئەوە کە ئامادەیە قوربانیی و تێچووی گرانبەها بدا، بەڵام هیچ کات ئامادە نەبێ لەگەڵ لایەنێکی نەیاری کورد، دژی بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکانی پارچەکانی تری کوردستان هەنگاوێك هەڵگرێت و سازان لەسەر خوێنی ڕۆڵەی کورد بکات، لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی. بە پێچەوانەوە لە زۆر قۆناخدا زیانی گەورەی تەحەمول کردووە، بەڵام بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردی لە هیچ پارچەیەکی کوردستانی نەکردۆتە قوربانیی سازان لەگەڵ دەوڵەت یان لایەنێکی سیاسی، ئەمەش لەلایەك دەربڕی بڕوای قووڵی ئەم حیزبەیە بە هاوتەریب بوون و گرێدراوی خەبات بۆ بەدیهێنانی دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە ونەتەوەیی کورددا، لەلایەکی دیکەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات وەکوو بزووتنەوەیەکی مافخواز و دێموکراسیخواز لە ئوسوول و بنەما سەرەکییەکانی کە لەسەری دامەزراوە تاوەکوو ئەمڕۆ نەك هەر لای نەداوە، بەڵکوو بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و خوێندنەوەی واقعی سیاسی و بنەماکانی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی کورد، زیاتریش پێی پابەند بووە.

ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە و زۆری دیکەش کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا ئەو حیزبە داهێنەریان بووە و، بە کردەوەش جێبەجێی کردوون لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتیان کردوەتە قوتابخانەیەکی فیکری سەردەمیانە و ڕەفتاری بەرزی ئینسانی کە بەکردەوە حیزب دەکاتە کەرەسەیەك بۆ خەبات لە پێناو ویست و داخوازی ڕەوای گەل و نیشتمانێکی بریندار و پارچەکراو کە بەرژەوەندی حیزبی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گەلدا دەبینێ، نەك وەك ئامانجێك سەیری بکا و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرزتر لە بەرژەوەندی گشتیی دابنێ.

**بەڵێ خۆشەویستان !**

هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەرز و مرۆڤدۆستانەیە بوون بەدەستمایەی پاراستنی حیزبی دێموکرات و مانەوەی بەهێزی لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانەدا، بە تایبەت ئەگەر سرنج بدەین لە تەواوی تەمەنی حەفتا ساڵەیدا بێجگە لە چەند بڕگەیەکی کورت ماوە کە ئەگەر هەمووی بخەینە سەریەك لە سێ چوار ساڵ تێپەڕ نابێت، لە تەواوی باقی ئەو ماوەیەدا ڕێبەرایەتی حیزب بە هۆی زوڵمو زۆری ڕێژیمەکانی تاران لە دوورە وڵاتیدا ژیاوە، کارو چالاکی ئەندام و لایەنگرانی لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت هێندێك جار لە دەرەوەی وڵاتیشدا قەدەغە کراوە و لەگەڵ سزای توندی وەکوو ئیعدام و زیندانی درێژخایەن ڕووبەڕوو بوەتەوە، لە هێندێك قۆناخدا لەگەڵ مەترسی نەمان ڕووبەروو بوەتەوە. لە دوای ڕووخانی کۆمار، ئیعدامی پێشەوا و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسان و دەستبەسەر کردنی ژمارەیەکی دیکە لە لایەن پۆلیسی حەمەرەزاشا و ئاوارەبوونی چالاکانیی دیکە، دژوارترین ڕۆژانی مێژووی حیزبی دێموکرات دەست پێ دەکا بە تایبەت کە ئەوانەشی کە مابوون لە ژێر هێژموونی حیزبی توودەدا جووڵەیان لێبڕا بوو. ئەم وەزعە دژوارە بۆ ماوەی نێزیك بە دە ساڵ و تا ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی (١٩٥٥) درێژەی هەبوو، لەو ساڵەدا بە دەستپێشخەری دوکتور قاسملوو و حەوت هەشت کەسی دیکە لە کادرەکانی حیزبی کۆنفرانسی یەکەم پێك دێ و حیزب سەربەخۆیی خۆی لە حیزبی توودە ڕادەگەیەنێ و تێکۆشانی خۆی بە نهێنی درێژە دەدا.

دوای ئەوەش تاکوو ئەوڕۆ ئینشعاب و دابڕانەکان، لە ژێر شوێندانەری نەیارانی حیزب بە مەبەستی لاوازکردن و لە نێوبردنی، تیرۆری ڕێبەرانمان بە بڕیاری ئاستی هەرەبەرزی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تیرۆری سەدان کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب، تەنانەت لە خاکی باشووری کوردستان و زۆر تەنگانە و ڕۆژانی سەختی دیکە و هەموو ئەو ڕووداوە تاڵانەی کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا بەسەر حیزبی دێموکراتدا سەپاون هەرکامیان زەربەیەك بوون لە پەیکەری ئەو حیزبە، بەڵام بە هەمووی ئەو زەربانەوە حیزب نەك هەر لە پێ نەکەوتووە، بەڵکوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی خۆماندا خۆشەویستی و متمانە پێکردنی زیاتر بەرز بووەتەوە و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا خاوەن ئیعتبار و پرستیژی تایبەت بە خۆیەتی، یەکێك لە گرنگترین هۆیەکانی ئەم شێوە مانەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی میانەڕەوی، سوبات لە پێداگری لەسەر خەبات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و بەردەوامبوون لە هێنانە ئارای خواستی سەردەمیانە وەك دێموکراسی و مافی مرۆڤ بە بێڕاڕاییبوون و کەوتنە ژێر شوێندانەری کەشو هەوای درۆزنانەی سیاسی.

بەڵام هەمووی ئەو ڕاستیانە کە شانازییەکانی حیزبی دێموکرات پێکدێنن لایەنێکی ئەو پرسە گرنگە لە خۆ دەگرن، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە هەر ئەوەندە کە ئێمە لە جێژنی ٧٠ ساڵەی حیزبەکەماندا بەشدارین و هەر کامەش لە ئێمە و ئەوانەی لە ژیاندا نەماون لە قەدەر توانا لە خوڵقاندنی ئەو شانازییانەدا بەشمان هەیە بەس نیە.

چوونکە لە ماوەی تەمەنی حەوت دەیەی حیزبدا ئاڵوگۆڕێکی بەربەرین و قووڵ بەسەر سیمای جیهان و ناوچەدا هاتووە، بە دەیان نەتەوە لە ژێر کۆت و بەندی داگیرکاری و دیکتاتۆری ڕزگاریان بوە و بوونەتە خاوەن کیانی سیاسی سەربەخۆ، ژمارەیەك لە حکوومەتە سەرەڕۆکان کە لەگەڵ خەڵکی خۆیان وەك خولام و کەرەسە ڕەفتاریان دەکرد لە ژێر تەوژمی مافخوازانەی ئەو خەڵکەدا تێداچوون.

سیمای سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێمەی کوردیشە بە خێرایی بەرەو گۆڕانی سیاسی و جوگرافیایی دەچێ، لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بۆ ئێمە بەس نیە کە تەنیا شانازی بە تەمەنی حیزب و خەباتەکەمان بکەین، لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەمانتوانیوە لە ژێر چەپۆکی ستەمکاری ڕێژیمی تاران خۆمان ڕزگار بکەین و لەو هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا دەورێکی چالاکمان هەبێ، ئەوەش جێگای ڕەخنەیە و هەموومان بەشمان بەر دەکەوێ، هەر وەك چۆن لە شانازییەکانی ئەو ماوەیەدا خۆمان بە بەشدار دەزانین.

بێ گومان بەشێك لە هۆیەکانی ئەو ناکامییانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوری نیگەتیڤی حکوومەتە داگیرکەرەکان و زلهێزەکانی بڕیار بەدەست کە هەمیشە یارمەتیدەری دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بوون بۆ سەرکوتی خەباتی کورد، بەڵام بەشێکی بەرچاویشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە و فێرنەبوون لە هەڵەکان و لە ئاکامدا دووپات کردنەوەیان.

دابەشبوونەکان، دابڕانەکان، پشتبەستن بە دوژمنان، هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرانە لە ژێر ناوی دێموکراسی، پێڕەو کردنی سیاسەت بە شێوەی کلاسیك و خۆدزینەوە لە تازەگەری، دیتنی بەرژەوەندییە حیزبی، گرووپی و تەنانەت تاکەکەسییەکان لە سەرووی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و زۆری دیکەش، دەکەونە خانەی ئەو ڕەخنانەوە کە هەموومان کەم و زۆر تێیدا بەشدارین.

ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی سەنگو شوێندانەریمان لەسەر پرسی کوردی خۆرهەڵات لە ماوەی ٧دەیەی ڕابردوودا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە چاو لە مێژووەکەمان دەکەین، بەڵام کۆمەڵگای کوردی لەو بەشەدا تەنیا لە حیزبی دێموکرات پێك نایە، بەڵکوو هەموو تاکێکی کورد لە هەموو چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە پێکهاتنی ئەم هەلومەرجە ناڵەبارە و لەو ناکامییە مێژوویییەدا بەرپرسیارن و هیچ پاساوێك ئەو بەرپرسیارەتییە لەسەرشانی ئەوان لانابا، ڕێگای ڕزگاریش ئەوەیە کە هەموومان بە چاوخشاندنەوە بە هەڵەکانماندا و بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی دەوروبەرمان خەبات بە شێوەیەکی نوێ و سەردەمیانە درێژە پێ بدەین، خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیر بە پەندوەرگرتن لە هەڵەکان و بە شێوەیەکی یەکگرتوو هەوڵ بۆ گەیشتن بە ستراتیژی نەتەوەییمان بدەین.

ئیزنم بدەن لە کۆتاییدا پیرۆزبایی خۆم بەم بۆنەوە ئاراستەی هەموو بنەماڵەی شەهیدان، پێشمەرگەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بکەم کە بە پێشکەش کردنی ژیانیان، تەحەمولی زیندان و ئەشکەنجە و سووکایەتییەکانی زیندانبانەکان و ئاوارەیی و دوورەوڵاتی لە تێکۆشان و خەبات ڕانەوەستان تا ژیان و بەسەرپێوەبوونی حیزبەکەیان گەیاندە تەمەنی حەفتا ساڵی.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی سەربەرزی ئەم ڕێبازە کە بە قوربانی کردنی ژیانی خۆیان لە پێناو مانەوەی حیزبەکەیان، گەورەترین بەش لە شانازییەکانیان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی
٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی

# بەرەو ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات

## بنەماکانی تەشکیلات و کاری تەشکیلاتی لە ٧٠ ساڵ مێژووی خەباتی شێلگیرانەی حیزبی دێموکراتدا

**تەیموور مستەفایی**

جێگیرکردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگادا بەبێ بەشداری چالاکانەی کەسایەتییەکان، حیزب و ڕێکخراوەکان لە گۆڕەپانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی جێبەجێ ناکرێ. ئەگەر دێموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ببێتە فەرهەنگی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە کردەوە فەرهەنگی دێموکراتیک لە پاراستنی بنەماکانی دێموکراسیدا دەور دەبینێ.

ئەزموون سەلماندوویەتی لە کۆمەڵگایەکدا زانیاری و پەروەردەی دێموکراتیک لاواز بێ زەمینەی گەشە کردنی فەرد پەرەستی و خۆسپاردن بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی زۆر ئاسانە. بۆ ئەو مەبەستە خەڵک بە بێ زەمینەی کۆمەڵایەتی پەروەردەیەکی درووست لە کێشە و مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا تێ ناگەن بۆیە پێکهاتنی تەشکیلاتێکی دێموکراتیک کە بتوانێ ڕێنوێن و پاڵپشت بێ بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگای گەیشتن بە مافەکانی پێویست و زەرورییە.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا بەو پێیە کە لە بەرژەوەندی چ چین و توێژێک و بۆ چ ئامانجێک دادەمەزرێن بە سەر سێ تەیفی فیکریدا دابەش دەبن.

١-ڕێکخراوە ئیدئۆلۆژیکەکان وەک ڕێکخراوە کۆمۆنیست و ئیسلامییەکان کە چوارچێوەی سیاسەت و کرداریان بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا دەبەستنەوە بە ئەو ئیدئۆلۆژییەوە کە بڕوایان پێیەتی و لە ڕاستیدا دەیانەوێ کۆمەڵگا لە قاڵبی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆیاندا بگونجێنن و لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا گرینگی بە کەسەکان و تەنانەت بە کۆمەڵگاش نادرێت و لە ڕاستیدا ئەو کۆمەڵگایە دەبێ بکەوێتە خزمەتی ئەو ئیدئۆلۆژییە دیاریکراوەوە.

٢-ڕێکخراوە فاشیستییەکان کە لەسەر ئەساسی قودسییەت و نمادبوونی ڕێبەرێکدا پۆلین دەکرێ و وتە و کردەوەی ڕێبەر ڕەخنە هەڵگر نییە و دەبێتە ڕێسا و یاسای کۆمەڵگا.

٣-ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان کە لە تەیفی جۆراوجۆر دەردەکەون بەڵام لەم ڕێکخراوانەدا گرنگی بە نەخشی کەسەکان و کۆمەڵگا دەدرێ بەپێی پەیڕەوێکی نێوخۆیی ڕابیتەی نێوانیان ڕێک دەخرێ لێرەشدا ڕوانینی ڕێکخراوەکان و ئامانجەکانیان زۆرتر لە چوارچێوەی کردەوەدا دەبێ قەزاوەتی لەسەر بکرێ نەک لە ڕووی بەرنامە و پەیڕەوەکانیانەوە، حیزبی ئێمە کە دەکەوێتە تەیفی سێهەمی ئەم ڕێکخراوانە لە ماوەی حەفتا ساڵ تێکۆشانی تەشکیلاتیدا هەوراز و نشێوی زۆری دیوە زۆر ئەزموونی تاڵ و شیرینی تێپەڕاندووە و ئاوڕدانەوەیەکی کورت لەو تێکۆشانە دەتوانێ ئەزموونێک بێ بۆ بەرەو داهاتوو.

> ## تەشکیلاتی حیزبی ئێمە شانازی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی پێ بڕاوە

تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات نوێنگەی چین و توێژێکی تایبەتی نەبووە و نییە، تەشکیلاتی ئەم حیزبە وێستگەی داخوازییەکانی نەتەوەی کوردە هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە قۆناغی جۆراوجۆری خەبات بۆ ئازادی لە هیچ هاوکارییەک درێغیان نەکردووە و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکانیان بە بنەما گرتووە شێوەی قەزاوەت کردن و بڕیاردانیان لەو چوارچێوەدا بووە لەو بڕگە زەمەنییانەدا کە تەشکیلاتی حیزب تووشی تەنگەژە بووە خەڵکی کوردستان بە هانایەوە هاتوون و لەو تەنگەژە دەربازیان کردووە. بۆ وێنە لە کاتێکدا حیزبی توودە بە ڕێنوێنی کۆماری ئیسلامی تاقمی ٧ کەسی لە حیزبی دێموکرات جیاکردووە خەڵک ئەو تاقمەیان مەحکووم کرد و پشتیوانییان لە حیزب کرد لە بڕگەکانی دیکەی مێژووی حیزبدا لەم هەڵویستانە بە فراوانی بەرچاو دەکەون.

کاری تەشکیلاتی سروشتی تایبەتی خۆی هەیە کە یەکێک لە سروشتە تایبەتییەکانی درێژخایەن بوونیەتی. تەشکیلاتێکی باش بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ و تەنانەت بە ساڵێک و دوو ساڵ پێک نایە لە درێژەی مێژووی کاری ڕێکخراوەیی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا چەندین جار تەشکیلاتێک لە یەک هەڵوەشاوەتەوە و بۆ جارێکی دیکە سەر لە نوێ بنیاد نراوەتەوە.

مێژووی تەشکیلاتی حیزبی ئێمەش بە سەرنجدان بەو ڕاستیە کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا ڕێژیمی دیکتاتۆری بوون و دژی هەرچەشنە ماف و ئازادییەکی خەڵک بوون بە ناچار بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانیان ڕوویان لە خەباتی نهێنی کردووە و ئەم شێوە خەباتە لە درێژەی ئەم مێژووەدا بەداخەوە کەم هەزینە نەبووە بە هەزاران ئەندامی حیزب لە درێژەی ئەو خەباتەدا کەوتوونەتە زیندان ئەشکەنجە و ئێعدام کراون بەڵام بە خۆشیەوە سەرەڕای هەموو ئەو زبرانە کە وێی کەوتوون ئەندامانی حیزب کۆڵیان نەداوە و ئێستاش ئەم خەباتە سەربەرزانەیە بە شێوەیەکی پان و بەرین لە پانتایی هەموو کوردستاندا بەڕێوە دەچێ و تەشکیلاتی حیزب بە یەکێک لە تەشکیلاتە هەرە زیندووەکانی ئەم قۆناغە بە ئەژمار دێت و ئاوڕدانەوەیەک لەو خەباتە لە درێژەی ٧٠ ساڵ خەباتی حیزبەکەماندا هەم ڕێزگرتنە لەو خەباتە سەربەرزانەیە و ئەو ڕۆڵە بەوەجانەیە کە لە پێناو ئەو خەباتەدا گیانیان بەخت کردووە، تووشی ئەشکەنجە و ئازار و زیندان بوون و هەم نیشانەیەکە لە کۆڵنەدان و زیندوویی حیزبی دێموکرات. ئەزموون و دەرسێکیشە بۆ ئەو لاوانە کە لە داوڕۆژدا دێنە ڕیزی ئەم خەباتە سەربەرزانەیە.

تەشکیلاتی حیزبی ئێمە شانازی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی پێ بڕاوە کە دیارە لە کاتی دامەزراندنی کۆماردا ئەم تەشکیلاتە نە ئەزموونێکی ڕابردووی هەبووە نە کادرێکی پێویست بۆ ئەو قۆناغە هەر بۆیە ئەو بێ ئەزموونییە کار دەکاتە سەر بەڕێوەبردنی کۆمار و بەداخەوە دەکرێ بڵێین یەکێک لە هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان نەبوونی تەشکیلاتێکی پتەو و

درێژەی لە لاپەڕە ٨ <<



## رۆژهەڤ

### تورکیە و هەڵبژاردنێکی دیکە

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «ئیکۆنۆمیست» ڕاپۆرتەهەواڵێکی شیکاری لە ژێر ناوی «کاتێك شەڕ دژی کوردەکان توندتر دەبێ، سەرکۆماری تورکیە بانگەوازی بۆ هەڵبژاردن دەکات» لەسەر بارودۆخی ئێستای تورکیە و پرسی کورد و هەڵبژاردن لەو وڵاتە بڵاو کردۆتەوە. لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: «تورکیە ڕۆژی هەینی کاتێك سەرکۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند کە ئەم پاییزە داوای هەڵبژاردنی ناوادە دەکات، پێی نایە نێو ئاوە سیاسییە نادیارەکانەوە». دواتر هاتووە: «متمانەبەخۆبوونی بەڕێز ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی پێشوو کە لە ٧ی ژوئەن بەڕێوە چوو، ناکام بوو، واتە ئەو کاتە کە حیزبی دادپەروەری و گەشە (AK) کە بە لای ئیسلامگەراییدا شکاوەتەوە، ئەو زۆرینەی بەدەست نەهێنا کە ئەو پارتە پێویستیەتی تا بە تەنێ بتوانێ بۆ ماوەی دەورەیەکی چوار ساڵی دەسەڵاتدار بێت. دەوڵەتی هەنووکەی «ئاکەپە» بە سستییەوە چووە نێو وتووێژەکانی هاوپەیمانییەوە، سەرەتا لەگەڵ حیزبی سێکۆلاری خەڵکی کۆماریخواز (CHP) و دواتر لەگەڵ حیزبی دەستی ڕاستی کردەوەی نەتەوەیی (MHP)، بەڵام لە ١٨ی ئاگۆستدا وتی ناکرێ هیچ هاوپەیمانییەك پێك بهێنرێ. بەپێی یاسای بنەڕەتی تورکیە، براوەی هەڵبژادنەکە تەنیا ٤٥ ڕۆژ کاتی هەیە بۆ وتووێژکردن لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانی. بەڵام ئەمە یەکەم جارە کە هەڵبژاردنێك نەبووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتێك پێك بێت.»

لە بەشێکی دیکەدا نووسراوە: «بەڕێز ئۆدۆغان لە ئێستادا لێی چاوەڕوان دەکرێ کە پاش بەسەرچوونی ماوەی دیاریکراوی ٤٥ ڕۆژەکە لە ٢٣هەمی ئاگۆستدا، چاوی بە وتەبێژی پارلەمان بکەوێت تا بە فەرمی پرۆسەی هەڵبژاردن ڕێك بخرێ. زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە هەر لە سەرەتاوە پێشبینی دەکرا «ئاکەپە» بچێتە نێو هەڵبژاردنێکی دیکەوە تا ئەوەی هاوپەیمانی پێك بێنێت. ئەم حیزبە لەدەستدانی زۆرینەکەی بۆ سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی خەڵك (HDP) دەگەڕێتەوە کە حیزبێکی لایەنگری کوردە و لە ٧ی ژوئەندا ١٣ لە سەدی دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئەویش بە هۆی ڕاکێشانی پشتیوانی ژمارەیەکی زۆر لە تورکە سێکۆلارەکان لە پاڵ کوردەکاندا. مانگێك لەمەوپێش، دەوڵەتی تورك لە ناکاو کۆتایی بە وتووێژی دوو ساڵەی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان هێنا و وەڵامی چەند هێرشێکی میلیشیاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ی بە کەمپەینێکی بەربڵاوی هێرشی ئاسمانی و دەستبەسەرکردن دایەوە. لەو کاتەوە، توندوتیژی و هەستی نەتەوەگەرایی بەرز بووەتەوە. بەڕێز ئۆدۆغان هیوادارە توندتربوونی کیشمەکێشەکان ببێتە هۆی پاشەکشەی دەنگدەرە تورکەکان لە HDP و گەڕانەوەیان بەرەو AK. سەرەڕای ئەوەش لە ژوئەنەوە تا هەنووکە، ڕاپرسییەکان ئاڵوگۆڕێکی بچووك لە ڕای خەڵك نیشان دەدەن.»

ڕاپۆرتەکە دواتر ئاماژە بەوە دەکات، حیزبە سەرەکییەکانی دیکەی وەك (CHP) و (MHP) بە دژی هەڵبژاردنی دیکەن و وێناچێ بە دژایەتیکردنی کوردەکان، AK بتوانێ بە ئامانجەکانی بگات، بەڵکوو تورکیە بەرەو بارودۆخێکی نادیار دەبات.

سەرچاوە:
Economist.com

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە

## ٧٠ ساڵ خەبات دژی دیکتاتۆری، لە پێناوی

هاونیشتمانیە بەڕێزەکان!
ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!
ئازادیخوازانی جیهان!

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ١٣٩٤ی هەتاوی ٧٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێ. بەم بۆنەوە پیرۆزباییی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش لە بەرانبەر دامەزرێنەرانی حیزب بە تایبەت پێشەوای نەمر قازی محەممەد و هاوبیرانی دادەنەوێنین و ئەمەگناسی و پێزانینمان بۆ کار و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانە دەردەبڕین کە لە بڕگەیەکی ئەو ماوەیەدا بە شێوەیەك لە خزمەت وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەو حیزبەدا بوون. سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان و بۆ ئەوانەی کە لە پێناو خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبدا ڕێگای بەندیخانەیان کەوتە بەر.

نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن تایبەتمەندی هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە لە ناوچەی پڕ کێشە وگرفتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر خاکی باب و باپیرانیان ژیان دەکەن بێ‌ئەوەی خاوەنی ئەو مافە نەتەوایەتیی و ئازادیانە بن کە هەر نەتەوەیەك وەك مافی سروشتی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەیی خۆیانن. ئەم هەلومەرجە و بێ‌مافیەی کورد بۆ چەند هۆ دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان لێك‌دابڕانی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و دابەشکرانی کوردستان بەسەر چەند وڵاتی ناوچەدایە کە بە دوور لە ئیرادە و ویستی ئەم نەتەوەیە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و هێژمۆنیخوازی وڵاتانی ناوچەدا بەئەنجام گەیشتووە. جگە لەمە ئەو وڵاتانەی کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بەدرێژایی مێژوویان هەرگیز خاوەنی دەسەڵات و حکوومەتێکی دێموکراتیك نەبوون کە لانیکەم لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا مافی کورد لە بەرچاو بگرن و بۆی دەستەبەر بکەن.

لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆی داسەپاو بەسەر کورددا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بە بێ‌زێدەخوازی و بە مەبەستی لابردنی ستەم لەسەر خۆیان و لە پێناو مافی نەتەوایەتی و دابینبوونی دێموکراسیدا خەباتیان کردووە، قوربانیان داوە، بەڵام هەرگیز وازیان لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان نەهێناوە. لەو ڕەوتەدا خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران بە گەشاوەیی خۆی دەرخستووە و لە هەر قۆناخێکی مێژووی خەباتەکەیدا بەپێی هەلومەرجی سەردەم و پێکهاتەی کۆمەڵگا، خەباتەکەی شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە و ڕەنگی سەردەمی خۆی پێوە دیار بووە. ئەوەش وای کردووە کە جووڵانەوەکانی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەرەتادا لە ڕێگای خاوەن نفووز و دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە وەك شێخ، مەلا و سەرۆك عەشیرەتەکانەوە سەرهەڵ بدەن کە هەموویان جێگای ڕێزن و بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژ دەوری خۆیان گێڕاوە کە بەداخەوە سەرکوت‌کراون و بە لێدانی سەری جووڵانەوەکە ئەم جووڵانەوە دامرکێندراوە.

ئەو تاقیکاریە تاڵانە لە لایەك و سووربوونی کورد لە کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانیان وای کرد کە بژاردەکانی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان و بە تایبەت لە مەهاباد بیر لە بەرێکخراوەکرانی جووڵانەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بکەنەوە. ئەو بیرۆکەیە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی بە دامەزراندنی کۆمەڵەی «ژ.ك» بەرگی بە کردەوەی پۆشی. ئەرکی سەرەکی ئەو کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و پەرەپێدانی ڕێبەرایەتی جەمعی بوو کە لە ماوەی ٣ ساڵ تەمەنیدا بە باشی بە ئەنجامی گەیاند، بەڵام ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان و هاتنەگۆڕی هێندێ چەمکی وەك دێموکراسی و گشتگیربوونیان تا ڕادەیەك لەگەڵ بەرنامەی کۆمەڵەی «ژ.ك» ناتەبابوون بۆیە لەگەڵ ئەوەی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەنگاوێکی بەرەوپێش نابوو پێویست بوو هەنگاوگەلێکی دیکەش لە ڕەوتی بەرەوپێش چووندا بهاوێژێ. ئەوە بوو وای کرد کە پێشەوای نەمر قازی محەممەد وەك ئەندامی کۆمەڵەی «ژ.ك» بیر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی ڕێکخراوەیی «ژ.ك» بەڵام بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووانەتر بە کردوە بکا و ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕۆژی دامەزرانی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» ڕابگەیەنێ. بەم چەشنە حیزبێك بەناو و نێوەرۆکێکی دێموکراتیك لە کۆمەڵگایەك‌دا سەرهەڵ دەدا کە کۆمەڵگایەکی فێئۆدالی، عەشیرەتی، پابەند بە کۆمەڵێك داب‌ونەریتی دواکەوتووانە و لە هەمان‌کاتدا لەسەدا ٩٠ی نەخوێندەوار پێك‌دێ، هەر ئەوەش دەری دەخا کە ئەرکی ئەو حیزبە و دامەزرێنەرەکەی، پێشەوا و باقی ڕێبەرانی بۆ چەسپاندنی نێوەڕۆکی بەرنامە دێموکراتیکەکەی چەندە دژوارە و بەستێنی کارکردنی چەندە پڕ کەند و کۆسپ بووە، بەڵام هەوڵ و هیمەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە لایەك و ئەو کەش وهەوایەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و ئەو بۆشاییەی دەسەڵات لە بەشێکی خاکی کوردستانی ئێران هەبوو ئەو دەرەتانەی ڕەخساند کە بە ماوەی چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبە بتوانێ ناتەباییەکان کەم بکاتەوە و توێژە جۆراوجۆرەکان و کەسایەتییە بە نفووزەکان لێك نزیك و لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا یەکەم دەسەڵاتی کوردی لە شکڵی مودێرن و لە ژێر ناوی کۆماری کوردستاندا دابمەزرێنێ.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان بڕگەیەکی زێڕینی مێژووی هاوچەرخی کوردە کە لەو بڕگەیەدا تامی ئازادی و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری بچێژێ و لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك داب و نەریتی دواکەوتووانە لە کۆمەڵگا دوور بخاتەوە و بابەتی پێشکەوتووانە و نزیك لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی لە جێی دابنێ. زمانی کوردی زمانی فەرمی و ئیداری و خوێندن ڕابگەیەندرێ، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی چاپ و بڵاو بکرێتەوە، ژنان و لاوان ببنە خاوەن ڕێکخراوەی خۆیان و بەستێنی کار و چالاکیان بۆ بڕەخسێ، ئەمنییەتی گیانی و کاری دابین بکرێ و ئازادی ڕادەربڕین دەستەبەر بکرێ و سیاسەتی ئاشتی و پێکەوەژیان و وێك هەڵکردن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ڕەچاو بکرێ، بەگشتی لە ئێرانی پاشایەتی و دیکتاتۆریدا ببێتە دورگەیەکی ئەمن و ئازاد کە لە ناوچەدا بێ‌وێنە یا کەم وێنە بێ. لەم کۆمارەدا پیرۆزییەکانی ئەمڕۆی کورد وەك پێشمەرگە و ئاڵا لە دایك بوون، کە ئەمڕۆ کاتێك ئەم وشانە دەبیستی یا بە دیمەن دەیانبینی کۆماری کوردستان و یادگارەکانیت لە بیرو زەیندا زیندوو دەبێتەوە. دورگەیەکی وا ئارام و دەسەڵاتێکی وا دێموکراتیك نە لە وڵاتێکی پاشایەتی و دیکتاتۆریدا تەحەممول دەکرا و نە لەگەڵ سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی زلهێز و خاوەن نفووزەکانی ئەوکات یەکی دەگرتەوە، بۆیە بە پیلانی هەمووان پاش ١١ مانگ تەمەنی پڕ دەسکەوت و پڕ سەروەری لەنێو برا.

بە ڕووخانی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد، سەیف و سەدری قازی و کۆمەڵێك‌تێکۆشەری دیکەی دێموکرات لەلایەن ڕێژیمی حەمەڕەزا شاوە لە سێدارە دران و ژمارەیەکی نزیك بە هەمووی ڕێبەرانی حیزبیش زیندانی کران و ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانیش پەرتەوازەی کوردستانی عێراق بوون و ئەوە گەورەترین زەبر بوو وە حیزب و ڕێبەرایەتیی و بەدەنەکەی کەوت کە پشت ڕاستکردنەوەی لەژێر ئەو زەبرەدا چەند ساڵی خایاند. هەرچەند ئەندامانی حیزب کە پەڕیوەی باشوور ببوون هەوڵی ڕێکخستنەوە و بووژاندنەوە و تێکۆشانی سەر لە نوێیان داو تا ڕادەیەکیش بە ئەنجام گەیشتن، بەڵام بە هۆی نەبوونی ڕێبەری کارامە و کەسایەتی شوێندانەر و کێشە نێوخۆییەکان نەك ئامانجی سەرەکی نەپێکا، بەڵکوو بە جۆرێك سەربەخۆیی سیاسی حیزبیشی بردە ژێرپرسیار. تەنانەت کۆنگرەی دووهەمیش لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاویدا چارەسەری ئەم وەزعەی پێ نەکرا، هەرچەند خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی هەتاوی گیانێکی تازەی وەبەر ئەندامان کرد بووە. درێژەی ئەم ڕەوتە دەریخست کە حیزبی دێموکرات پێویستی بە ڕێبەرێکی کارامە، یەکگرتوویەکی قایم و بەرنامە و پێڕەوێك هەیە کە هەم حیزب ببووژێنێتەوە، هەم بیکاتە خاوەن بەرنامەیەکی سیاسی سەردەمیانە و هەم پێڕەوی ناوخۆیەکی دێموکراتیك و نەزمێکی ئاگاهانە. بە گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو لە ئوورووپا بۆ باشووری کوردستان بەستێنی بەجێ گەیاندنی ئەم پێویستیانە تا ڕادەیەك دەستەبەر بوون و لە کۆنفرانسی ٣ی حیزبدا بناغەی هەڵگرتنی وەها هەنگاوێك داندراو دواتر لە کۆنگرەی ٣ی حیزب لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی بەرنامەیەکی سیاسی پێشکەوتووانە، پێڕەوی نێوخۆی حیزب و ڕێبەرییەکی بە دوور لە تەکرەوی و بە شێوەیەکی جەمعی و یەکگرتوویی ئەندامان چەسپان و سەربەخۆیی سیاسی حیزب دەستەبەر بووە و چالاکی حیزب گوڕوتینێکی تازەی لە شکڵ و شێوەیەکی پێشکەوتووانەتردا بە خۆیەوە گرت.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دەورێکی چالاکیان تێدا گێڕا ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە حیزب تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێ‌بکاتەوە و نفووزی خۆی و لایەنگری کۆمەڵانی خەڵك لە خۆی نیشان بدا. لەو بڕگەیە لە مێژووی حیزبدا تەشکیلاتی حیزب بەربڵاو کرایەوە. وەزعی تازەی حیزب و ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی سیاسی ئێراندا ئەو هیوایەی لە دڵی خەڵکدا بەهێز کرد کە سەرئەنجام بەشێك لە داخوازییەکانی کورد بێنێتە دی. بەڵام هەوڵی خومەینی و دامەزراندنی سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ و دیکتاتۆرێکی ڕەشتر لە دیکتاتۆری شا لەگەڵ ڕۆحی بەرنامە سیاسی و دێموکراتیکەکەی حیزبی دێموکرات و بیروباوەڕەکانی دوکتور قاسملوو بە تەواوی لێك جیاواز بوون و لە ڕوانگەی خومەینی و ڕێژیمەکەیەوە شەخسی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی بەربەستێکی گەورە بوون لەسەر ڕێگای ئامانجەکانی خومەینی بە تایبەت کە حیزبی دێموکرات لە یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسی دوای سەرکەوتنی شۆڕشدا لە سەدا ٨٠ی دەنگەکانی کوردستانی مسۆگەر کرد بوو. ئەو بۆچوونەی خۆمەینی و ناتەبایەکەی لەگەڵ دێموکراسی، حیزبی دێموکراتی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە پێش هەڵبژاردنی مەجلیس لە ڕیفراندۆمی دیاریکردنی سیستەمی دەسەڵات لە ئێراندا بەشداری نەکا و تەحریمی بکا. چوونکە دەیزانی کە ڕێفراندۆمەکە دێموکراتێك نییە و ڕێژیمێکی کە لە ڕێگای ئەو ڕیفراندۆمەوە دێتە سەرکار ڕێژیمێکی ئیدئولوژیکی شیعە دەبێ کە نە باوەڕی بە دێموکراسی و نە بە مافی نەتەوەکان دەبێ. هەر لە پێناو ئەوەدا بوو کە خومەینی بۆ پێشگرتن بەو گەشانەوە و بووژانەوەی حیزب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان بۆ مەجلیسی هەڵوەشاندەوە، حیزبی دێموکراتی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و بەوەیش وازی نەهێنا شەڕێکی قورس و خوێناویی بەسەر کورددا سەپاند کە لە ماوەی چەند ساڵدا زیاتر لە ٥٠٠٠ پێشمەرگەی حیزب و بە هەزاران کوردی تێدا شەهید بوون. کوردستان گەمارۆی نیزامی و ئابووری درا و حیزب ناچار بە بەرگری چەکدارانە لە خۆی و لە خەڵکی کوردستان کرا. ئەم شەڕە هەرچەند وێرانی و قوربانی زۆری بۆ حیزب و بۆ کورد بەدواوە بوو، بەڵام بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵك جێگایەکی تایبەتی دا بە حیزب . لەو سەرو بەندەدا کە شەڕی ئێران و عێراق هەڵایسا سەرەڕای بۆچوونی ڕێژیم بەرانبەر بە حیزب، ڕێبەرایەتی حیزب ڕایگەیاند کە ئەگەر ڕێژیم دان بە مافی کورددا بنێ حیزب ئامادەیە دژی سپای عێراق بکەوێتە شەڕ.

جێگای ئاماژەیە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کۆنگرەی ٤ی حیزب لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بە شێوەیەکی بەرین بەڕێوەچوو و ڕێبەرایەتێکی نوێی هەڵبژارد. بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەك لەو ڕێبەرایەتیە لە ژێر شوێندانەری حیزبی توودەدا بوون لایەنگرییان لە ڕێژیم دەکرد و لەگەڵ درێژەی خەبات دژ بە ڕێژیم ناتەبا بوون، هەر بە دنەدانی ئەو حیزبە و بە پشتگری ڕێژیم حەوت کەس لە ئەندامانی ڕێبەری لە حیزب جیابوونەوە و ناوی حیزبی



# بۆنەی ٧٠هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## دێموکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی‌دا



دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چواریان لەسەر خۆیان دانا و کەوتنە دژایەتی حیزب کە لەلایەن حیزب و خەڵکەوە بە تاقمی ٧ کەسی ناوبران، بەڵام زۆر زوو بۆیان دەرکەوت ڕێگایەکی هەڵەیان گرتووەتە بەر و بەم ناوەش چیان بۆ ناکرێ بۆیە خۆیان هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و چوونە پاڵ حیزبی تودە و لەوێش کە بۆیان دەرکەوت وەك کەرەسە دژ بە حیزبی دێموکرات کەڵکیان لێ وەرگیراوە ڕیزەکانی حیزبی تودەیان بەجێهێشت.

شەڕی ڕاگەیەندراوی ڕێژیم دژ بە حیزب و خەڵکی کوردستان کە لە ڕاستیدا شەڕی ملهۆڕی و کۆنەپەرەستی دژی دێموکراسی و ئازادی بوو بە «شەڕ دژی کوففار» ناودێر کراو بە فەرمانی خومەینی بە جیهاد ڕاگەیەندراو لەو بارەوە لە هەستی ئایینی دژ بە کوردی سوننە کەڵك وەرگیرا، شەڕێك کە ئێستاش لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا دژ بە کورد و حیزبی دێموکرات درێژەی هەیە.

پێش کۆنگرەی چوار و لە کۆنگرەی چوار بەم لاوە هەرچەند خەباتی شاخ و بەرگری چەکداری بەسەر کورددا سەپا بوو بەو حاڵەش و بە تایبەتمەندیی دێموکراتیك، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەکانی بە ڕێكوپێکی و بەپێی ئەساسنامە لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا بەڕێوە بردووە و هەر کام بەپێی زەمان بڕیار و پەسندکراوەی تایبەتیان لێکەوتەوە.

لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا، بە لەبەرچاوگرتنی دژایەتی ڕێژیم لەگەڵ دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و هەروەها درێژەی هێرش بۆ سەر کوردستان دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پەسند کرد، دروشمێك کە تا ئێستاش ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە.

کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر بەرخۆدان و بەرگری لە خەڵك، مەسەلەی سوسیالیزمی دێموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب بابەتێکی ورووژێنەر بوو و لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا باسێکی زۆری لێکەوتبووە. هێندی پێیان وابوو لکاندنی دێموکراتیك بە سوسیالیزم لە بایەخی ئەو چەمکە کەم دەکاتەوە و حیزب لە سوسیالیزم دوور دەخاتەوە. بەڵام دوکتور قاسملوو وەك داهێنەری ئەو بیروکەیە پێی وابوو ناکرێ حیزبێك دێموکرات بێ و بۆ دێموکراسی خەبات بکا، بەڵام ئامانجی دوارۆژی جۆرێك لە دیکتاتۆری بێ، لە هەمان کاتدا بیر و خەتی حیزبی دێموکراتی لە حیزبی تودە جیا دەکردەوە، ئەم پێشنیارە پەسند کرا و لەوکاتەوە ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوسیالیزمەوە بوو بە سوسیالیزمی دێموکراتیك.

کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە فەزایەکدا بەڕێوەچوو کە بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەگەڵ پێشنیارەکانی دوکتور قاسملوو بۆ کاراترکردنی حیزب و هەست بە بەرپرسایەتی زیاتری ئەندامانی ڕێبەری حیزب کەوتنە دژایەتی. هەرچەند کۆنگرە ڕەوتی کارەکانی خۆی بە باشی و بە شێوەیەکی دێموکراتیك و بەسەرکەوتنەوە بڕی، بەڵام دواتر هەر ئەم ژمارەیە ڕیزەکانی خۆیان لە حیزب جیا کردەوە و ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان لەسەر خۆیان دانا. بەڵام ئەوانیش سەرئەنجام ڕاستیەکانیان بۆ دەرکەوت و هەوڵەکانی یەکگرتنەوە سەرکەوت. بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا بەداخەوە زەبرێکی قورس وە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژێرناوی وتووێژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد دوکتور قاسملوویان کە لە شاخ زەفەریان پێ‌نەدەبرد لەسەر مێزی وتووێژ شەهید کرد کە ئامانجی لەو تیرۆرە بە چۆكداهێنانی حیزب بوو، بەڵام چونکە ڕێبەری جەمعی لە حیزبدا سەقامگیر ببوو و ڕێژیم بە ئامانجە سەرەکیەکەی نەگەیی، حیزب زامی هەڵگرت بەڵام لە پێ‌نەکەوت و دوکتور سادق شەرەفکەندی جێگری لێوەشاوە و بە بڕشتی دوکتور قاسملوو ئەرکی بەرپرسایەتی یەکەمی حیزبی وەئەستۆ گرت و ڕێگای نەدا بێ‌قاسملوویی بە حیزبەوە دیار بێ.

کۆنگرەی نۆهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا لەژێر چاوەدێری و بەرپرسایەتی یەکەمی دوکتور سادق شەرەفکەندی بە شێوەیەکی ئاسایی و بەپێی دەستووری کارەکانی بەڕێوە چوو بەڵام پێش ئەوەی حیزب بگاتە کۆنگرەی دەیەم بە داخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی زامێکی دیکەی خستە سەر جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڵام دیسانیش حیزب لە پێ‌نەکەوت و خەباتی خۆی بە بەردەوامی درێژە دا.

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب کە لە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاویدا گیرا یەکێك لەو کۆنگرانە بوو کە لە هێندێ بوارەوە ئاڵوگۆڕی لە دروشم و نێوەرۆکی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا پێك هێنا. دروشمی تا ئەوکاتی حیزب «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» جێگای خۆی دا بە «دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ»دا . ئاڵای کوردستان کە لە پاش کۆمارەوە بڕیاری لەسەر نەدرا بۆوە، بڕیاری لەسەر درا. بەداخەوە لەگەڵ پڕ نێوەرۆك بوونی بڕیار و پەسندکراوەکان کە بە کۆی دەنگی بەشدارانی بە پەسندگەیشتن پاش کۆتایی کۆنگرە و بە ماوەیەکی نەك درێژ دیسان ژمارەیەك لە ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب جیابوونەوە. ئێستا پاش چەند ساڵ دابڕان جووڵەیەك بۆ وەسەریەككەوتنەوە و کەش وەهوایەکی دۆستانە بەسەر پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبدا پێکهاتووە و ئومێدی وەسەریەككەوتنەوە بە دوور نازانرێ.

ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە زۆربەی هەرە زۆری کۆنگرەکانی حیزبدا چ ئەوانە ئاماژەیان پێ کرا چ ئەوانەی ئاماژەیان پێ نەکراوە پەسند و پێی لەسەر داگیراوەتەوە و لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ‌دەناسرێنەوە بریتین لە :

ـ درێژەدان بە خەبات لە شکڵی جۆراوجۆردا دژ بە کۆماری ئیسلامی و لە پێناو دابینبوونی دێموکراسی لە ئێران و وەدیهێنانی مافی کورد لەو وڵاتەدا.

ــ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان بە هەر نرخێك و بە هەر ئاکامێك کە بۆ حیزبی لێبکەوێتەوە.

ـ دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردیەکان لە کوردستانی ئێران هەرچەند بەداخەوە دووجار حیزبی دێموکرات بەرەوڕووی شەڕی نێوخۆیی کراوەتەوە، بەڵام بە دوای ئەو تاقیکاریە، بە کردەوە تێدەکۆشێ کە کارەساتی ئەوتۆ ڕوونەدەنەوە و چەکی کورد بەرەوڕووی سینگی هیچ کوردێك نەبێتەوە و ئەو ڕەوتە بەرەوپێش بچێ کە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هاتوەتە ئاراوە.

ـ دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە بێ‌دەخاڵەت و دەستتێوەردان لە کاروباری یەکتردا.

ـ هەوڵدان بۆ پێکهاتنی ئیئتلاف یا بەرەیەك لە هێزە دێموکرات و پێشکەتووەکانی ئێران.

ـ لە ئەگەری پێوەندی هەر هێزێکی کوردی لەگەڵ وڵاتێکی ناوچە کە بەسەر پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا زاڵە ئەو ئەسڵانە لەبەرچاو بگیرێن کە ئەو پێوەندییانە بە زیانی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان تەواو نەبێ، پێوەندییەکان ئەوندە قووڵ و لێکگرێدراو نەبن کە دوورکەوتنەوە لێیان مومکین نەبێ یان دژوار بێ.

ــ هاوکاری و هەماهەنگی لە خەباتدا لەگەڵ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران کە بە خۆشیەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵی لێکەوتووەتەوە.

ـ باوەڕ بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵ و خێزاندا.

ــ هەوڵدان بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی زیاتری مەسەلەی کورد بە گشتیی.

ــ باوەڕمەندبوون بە دیالۆگ و لێكتێگەیشتن بۆ چارەسەری هەر پرس و موشکیلەیەك و خۆپاراستن لە شەڕ و دەستبردن بۆ چەك.

بە خۆشیەوە هەموو ئەو تایبەتمەندیانە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕەچاو کراون، کاریان بۆ کراوە و لەسەر یەك بوونەتە بەرگێك کە بە بەر حیزبی دێموکراتدا کراوە و ئەو حیزبە و نێوەڕۆکەکەی پێ‌دەناسرێنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٧٠ ساڵەی تەمەنی پڕ لە شانازی و سەروەری خۆیدا کۆمەڵێك دیاردەی نوێی لە بزووتنەوەی کورددا باو کرد کە هەموو لایەك بەڕێزەوە سەیری دەکەن خۆ ئەگەر هەڵەیەکیش بووبێ پێش هەمووان خۆی هەستی پێ‌کردووە و بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەنگاوی ناوە و ئێستاش هەر بەو تایبەتمەندییانەوە بۆ ئامانجەکانی و لە پێناو دابینبوونی دروشمەکانیدا بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بە کەڵك وەرگرتن لە شێوەکانی ڕەوای خەبات ئاودیوی تەمەنی ٧٠ ساڵی دەبێ، ئێستا ئیدی ئەو حیزبە خاوەنی پێگەو نفوزێکی بەرچاو لە نێو کۆمەڵگای کوردی دایە، لە چەند ڕێکخراوی نێونەتەوەییدا ئەندامە. بە حیزبێکی دێموکرات و لایەنگری ئاشتی و ئاسایش دەناسرێ. لە کۆڕی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانیدا جێگایەکی شایانی هەیە و پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی هەموو پارچەکان دۆستانەیە، هەر هێزێك کە دژایەتی نەکا و بۆ دێموکراسی خەبات بکا بە دۆستی خۆی دەزانێ، لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و پشتی بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستووە و لەسەر درێژەدان بە خەبات سوور و پێداگرە.

لە بەرانبەر ئەو هەلومەرجە لەبارەی کە بە گشتیی بۆ کورد ڕەخساوە دەبینین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کردەوەی دەخاڵەتگەرانە، دنەدان و پشتگیری تیرۆریستان، ئاژاوەگێڕی لە ناوچەدا وەك ڕێژیمێکی ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی سەردەم ناسراوە کە ئابوورییەکی شپرزە، سیاسەتێکی شەڕخوازانە و دوژمن داتاشینی هەبووە و هەیە و هەوڵەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی مەترسی بۆ سەر هێندێ وڵات تەنانەت ناوچە و جیهان پێکهێناوە. هەرچەند ڕێککەوتننامەیەك بۆ پێشگرتن بەم مەبەستەی ڕێژیم لە نێوان کۆماری ئیسلامی و گرووپی ١+٥دا واژۆ کرا بەڵام ئەو ڕێککەوتنەش بە قازانجی خەڵکی ئێران نیە، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەستە و گرووپەکانی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەوەش هۆیەك دەبێ بۆ ئاژاوەی زیاتر لە ناوچەکەدا. تەپڵی ئیسلاح تەڵەبی دەنگی لێبڕاوە و ئەوانەی کە لەبەر هەر بەرژەوەندییەك خۆیان لە پەنا ئەو ناوە بێ‌ناوەڕۆکەدا حەشار داوە قسەیەکیان بۆ کردن نەماوە و وێناچێ بتوانن بەشێکی بەرچاو لەخەڵك بە ئاڵوگۆڕ لە مۆرەکانی ڕێژیمدا بە ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ئازادی و بەرژەوەندییەکانی خەڵك هەڵخڵەتێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ٧٠ ساڵ ئەزموونی خەباتەوە وەك حیزبێکی خاوەن پرەنسیپ و بە ناسیاوێك کە لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەیەتی لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیم وەك بەربەستی سەر ڕێگای دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی بێ دوودڵی و لێبڕاوانە سوور و پێداگرە و لەو پێناوەشدا و لە درێژەی خەباتی خۆیدا ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەیە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و لە نێوبردنی هەڵاواردن و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران هەیە و هەوڵەکانی تا ئێستای خۆی بۆ ئەم مەبەستە درێژە دەدا، یەکگرتوویی و تەبایی ماڵی کورد بە هۆی بنەڕەتی سەرکەوتن دەزانێ.

جارێکی دیکەش ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو لایەك پیرۆز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی
٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی
١١ی ئوتی ٢٠١٥ی زایینی

درێژەی لاپەڕە ٥ >>

قایم بوو کە بتوانێ بە باشی ڕێبەریی خەڵک بکا. بۆیە لەم دەورەیەدا کزی و لاوازی بەتەواویی بە تەشکیلاتی حیزبەوە دیار بووە.

پاش ڕووخانی کۆمار تەشکیلاتی حیزب بە هاوکاری حیزبی توودە زیندوو دەکرێتەوە تاساڵی ١٣٣٤ کە حیزبی دێموکرات سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێ، بەشێک دەبێ

## تەشکیلاتی حیزب لە قۆناغێکی زەمەنیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی بەرپرسایەتی ئەحمەد تۆفیق لە ڕێبازی ئەسڵی خۆی لادەدا و لە سیاسەتی ڕابردووی خۆی دوور دەکەوێتەوە

لە تەشکیلاتی حیزبی توودە. بەڵام لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتدا و ئەمەش بۆ ئەو خۆشەویستییە دەگەڕێتەوە کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا هەیبووە. لەم دەورەیەدا کادرێکی حیزبی توودە لە کوردستان، دێموکرات و کادرێکی حیزبی دێموکرات لە بەشەکانی دیکەی ئێران جیا لە کوردستان ئەندامی حیزبی توودە بووە.

پاش ساڵی ١٣٣٤ کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حیزبی توودە جیا دەکرێتەوە ئەم تەشکیلاتە لە دوو قۆناغدا ساڵی ١٣٣٨ و ساڵی ١٣٤٣ دەکەوێتە بەر پەلاماری پۆلیس و بە سەدان کەسیان لێ دەگیردرێ و ژمارەیەکیشیان ئاوارەی کوردستانی باشوور دەبن لەگەڵ وێکەوتنی ئەم زەربانە هەرچەند لاواز بووە بەڵام ئەم تەشکیلاتە هەر لە جووڵەدا بووە.

تەشکیلاتی حیزب لە قۆناغێکی زەمەنیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی بەرپرسایەتی ئەحمەد تۆفیق لە ڕێبازی ئەسڵی خۆی لادەدا و لە سیاسەتی ڕابردووی خۆی دوور دەکەوێتەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە حیزب دەردەکرێن کە لە نێوانیاندا دوکتوور قاسملوو .... بەڵام هەر لەم دەورانەدا لە دژایەتی ئەم چەشنە سیاسەتەدا کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات خەباتی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ڕێک دەخا کە بەداخەوە پاش ١٨ مانگ ئەم خەباتە تێک دەشکێ و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی شەهید دەبن. ئەوەیشی کە دەمێنێتەوە تەشکیلاتێکی پرش و بڵاو و بێ بەرنامە و هەر کۆمەڵێک سەر بە فکرێکی جیاوازە کە بیروباوەڕی مائۆیستی، توودەیستی، ناسیۆناڵیستی کە هەمیشە پێکەوە کێشەیان هەبووە.

بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی لە ساڵی ١٣٤٩(١٩٧٠) کە دوکتور قاسملوو پاش دەرچوونی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ لە ئوروپا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی باشوور لەگەڵ ئەندامانی جێگیر لە کوردستان بناغەیەکی پتەو بۆ تەشکیلاتی حیزب دادەمەزرێنێ و یەکیەتییەکی فیکری تا ڕادەیەکی باش لە نێوانیاندا پێک دێت و حیزب دەگەڕێتەوە سەر ڕێبازی ئەسڵی خۆی.

بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی قۆناغێکی نوێ بووە تەشکیلاتی حیزب دێتە پێشەوە کە لەم قۆناغەدا حیزب لە ئاوارەییەوە دەگەڕێتەوە نیوخۆی وڵات و لە پاش ٣٢ ساڵ تێکۆشانی نهێنی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕادەگەیەنێ کە لەم قۆناغەدا ناوچەیەکی بەرفراوان لە کوردستانی ئێران دەکەوێتە ژێر دەستی هێزە خەباتکارەکان و حیزبی دێموکرات. هەم بە حوکمی ڕابردووی پڕ لە شانازی و هەم جەماوەری بوونی دەکەوێتە سازماندانی خەڵک و ژمارێکی زۆر لە دەوری کۆ دەبنەوە هەر بۆیە دەبێتە کاراکتەرێکی گرینگ و پاش چەند دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی چارەسەری مەسەلەی کورد هەنگاو دەنێت کە بەداخەوە بە هۆی بڕوانەبوون و نامۆبوونی ڕێژیم بە ویستەکانی گەلی کورد و ئەم هەوڵانە بە ئاکام ناگەن و لە درێژەی چەند پیلانێکی ڕێژیم وەک شەڕی سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨، شەڕی نەغەدە و لە ئاکامدا شەڕی پاوە، خومەینی دەستووری جیهادی لە دژی گەلی کوردی دەرکرد و حیزب بڕیاری بەرەنگاربوونەوە دەدات و تەشکیلاتی حیزب دەکەوێتە قۆناغێکی نوێتر کە پێویستە لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێبەری بەرگرییەکی قارەمانانەش بکات و هەر لەو کاتەشدا ئیدارەکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی دەکەوێتە سەرشان. لەم پەیوەندییەدا تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات هاوکات هەم خەڵک لە ڕیزەکانیدا سازمان دەدا و هەم دەبێتە هاوکاری هێزی پێشمەرگە لە گەیاندنی زانیاری و تەداروک کردنی هێزی پێشمەرگە. لە چوارچێوەی ئەم تێکۆشانەدا بەهەزاران کەس لە ئەندامانی حیزبی لە قۆناغی شەڕی بەرگریدا زیندانی دەکرێن و بەشێکیان لە ژێر ئەشکەنجەی جەلادانی ڕێژیمدا گیانیان بەخت دەکەن بێجگە لەمەش لە بەرەکانی شەڕیشدا بە شێوەی چەکدار هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەکەن لە تەواوی ئەو تێکۆشانەدا ئەندامانی تەشکیلاتی بە ورەیەکی پۆڵایین لە بەرانبەر دووژمندا ڕاوەستان و دیفاعیان لە ئامانجەکەیان کردووە ئەم قۆناغە تا ساڵی ١٣٧٤ درێژە دەکێشێ کە لەو ماوەیەشدا تەشکیلاتی حیزب دوور لە کەم و کوڕی نەبووە.

پاش ساڵی ١٣٧٤ تەشکیلاتی حیزب دەکەوێتە قۆناغێکی نوێترەوە کە لەم قۆناغەدا ڕێبەری حیزب لە کوردستانی باشوور جێگیر دەبێ و تەشکیلاتی حیزب لەم قۆناغەدا شێوەی کاری خۆی بەتەواوی دەبێ بگۆڕێ و خۆی بۆ قۆناغی نوێ ئامادە بکا لە چوار پێنج ساڵی پاش دەستپێکی ئەم قۆناغە تەشکیلاتی حیزب بە شێوێکی ئەکتیڤتر تەنانەت لەو دەورانە کە بەشێکی زۆر کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو دەکەوێتە کار و ڕێبەری چەندین خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی لە دژی ستەم و سەرکوتی ڕێژیم بەڕێوە دەبات لەوانە ڕێپێوانی ٣ی ڕەشەمەی ٧٧ کە بۆ مەحکووم کردنی گیرانی ئۆجالان بەڕێوە چوو بەڵام ئاراستەی ڕێپێوانەکە بوو بە دژی ڕێژیم نارەزایەتیی ٤٠ ڕۆژەی پاش کوژرانی شوانە سەید قادر کە لە مەهابادەوە دەستی پێکرد و سەرانسەری کوردستانی بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ گرتەوە، مانگرتنی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵەکانی ١٣٨٥ تا ١٣٩٠ و بە تایبەت لە ٢٠ ساڵەی یادی شەهیدکردنی د. قاسملوو بۆ پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ئەو ڕێبەرە نەمرە، هەروا درێژەی هەیە و تەشکیلاتی حیزب ڕۆڵ و دەورێکی کاریگەری لە تەواوی ئەو شێوە خەباتەدا هەبووە و بەدەست نیشان کردنی کاتی گونجاو و دروشمی بە نێوەڕۆک هاوئاهەنگی بەشەکان و شارەکانی کوردستان.

تەشکیلاتی ئاشکراش لەم قۆناغەی دواییدا بە هاوئاهەنگی کردن لە نارەزایەتییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستانی باشوور لە سازکردنی کۆڕی جۆراوجۆر و ڕێپێوان بە دژی سەرکوتی ڕێژیم دەوری خۆیان گێڕاوە.

دوایین هەڵوێست و کردەوەی تەشکیلات لە حەرەکەتی چوون بەرەو سنوور لە مانگی جۆزەردانی پێشمەرگەکان خۆی نواند کە بۆ پشتگیری لەو پێشمەرگانە کە گەڕابوونەوە سنوورەکان بە بەشداری کردنی چالاکانەی تەشکیلاتی کوردستانی باشوور لە سەنگەرەکانی پێشەوە کۆکردنەوەی یارمەتی، کۆکردنەوەی یارمەتی تەشکیلاتی دەرەوە ئیعلامی ئامادەیی بۆ بەشداری لە بەرەکانی شەڕ و هەروەها تەشکیلاتی نێوخۆ لەو پەیوەندییەدا پیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ئەم تەشکیلاتە لەو ڕۆژانەدا کە پێویست بێ ئامادەیی هەموو چەشنە فیداکاریەکن و ئەمەش دڵخۆشکەر و هیوا بەخشە.

لە درێژەی ئەو مێژووەدا تەشکیلات ئامرازێک بووە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبەکەمان چوون لەو ڕاستییە گەیشتووین کە باشترین بەرنامە و جوانترین سیاسەت ئەگەر نەکەونە بواری جێبەجێ کردنەوە و هەر لە سەر کاغەز بمێننەوە نامانگەیەنێتە ئامانج ئەمەش بە بێ تەشکیلاتێکی دێموکراتیک و ڕێک و پێک مومکین نابێ و لە سۆنگەی ئەم ڕاستییەوە بووە کە دروشمی ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیەمان ساڵانێکە بەرز کردوەتەوە و بووەتە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی حیزبەکەمان.

## تەشکیلات ئامرازێک بووە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبەکەمان چوون لەو ڕاستییە گەیشتووین کە باشترین بەرنامە و جوانترین سیاسەت ئەگەر نەکەونە بواری جێبەجێ کردنەوە و هەر لە سەر کاغەز بمێننەوە نامانگەیەنێتە ئامانج



# لاوانی کورد هاوکار و ڕێنمامان بن

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە

## لەگەڵ سکرتێری نوێی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## لە پێوەندیی لەگەڵ دوا کۆنگرەی ئەم یەکییەتیەدا




**وتووێژ: ئیدریس ستوەت**

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە دەرفەتێك دەستی دا تا لەگەڵ جەلال ڕەوانگەرد سکرتێری نوێی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتووێژێك ساز بکەین. بەتایبەت لەسەر پرس و باسەکانی هەشتەمین کونگرەی لاوان کە لە هاوینی ئەمساڵدا لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو.

«جەلال ڕەوانگەرد لەدایکبووی ١٠ی بەفرانباری ١٣٦٥ی هەتاوی لە شاری مەریوانە و لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە ئەندامی یەکیەتیی لاوانە. تێکۆشانی لە یەکیەتیی لاواندا لە ئەرکی بەڕێوەبەری کومیتەوە دەستی پێکردووە و دواتر لە کۆنگرەی ٤ بەرپرسایەتی کومیتەی ناوەندی ٢ی کوردستانی وەئەستۆ گرتووە و دواتر وەکوو موشاوێری کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی دیاریکراوە و لە کۆنگرەی دواتر وەکوو بەڕێوەبەری ئەسڵی هەڵبژێردراوە و پاشان لە کۆنگرەی ٦ وەکوو هەیئەتیی ئیجرایی دیاری کراوە و کۆنگرەی ٧یش بە جێگیری سکرتێر هەڵبژێردراوە و لە ماوەی کارکردنیدا لە یەکیەتیی لاواندا لەسەرجەم بەش و ناوەندەکانی تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوەدا چالاکی هەبووە.»

**١- دەکرێ کورتەیەک لەو باسانەی کە لە کۆنگرەدا هاتوونەتە بەرباس، بخەنەڕوو؟**

لە کۆنگرەی ئەمجارماندا بەشێکی تایبەت بۆ ڕەخنە لە ڕابردوو و پێشنیار بۆ داهاتوو کرایەوە کە لەو بەشەدا کۆمەڵێک پرۆژە و پێشنیاری گرینگ هاتنە بەرباس کە هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری نوێ، کرانە بەرنامەی کاری داهاتوومان. یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە لەکۆنگرەی ٨دا پەسەند کرا زیادکردنی ماوەی تەمەنی ئەندامەتی بوو لە ڕێکخراودا کە ئێستا تەمەنی ئەندام لە ١٥ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ زیاد کراوە، هەروەها بۆ گرنگیدانی زیاتر بە پەروەردەکردنی مێرمنداڵان، کۆنگرە بڕیاریدا کە تازە لاوانی ١٣ و ١٤ ساڵان وەکوو لایەنگری تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان وەربگیردرێن و لەو چوارچێوەیەشدا ئەرکی پەروەردەکردنیان دەکەوێتە سەرشانی یەکیەتیی لاوان، کۆنگرە ئاوڕێکی تایبەتیی لە کرماشان و ئیلام دایەوە و باسگەلێکی وەکوو بارودۆخی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و ئاوڕدانەوەیەک لە مژارە ئەوڕۆییەکانی جیلی لاو لە ئێران و کوردستان و مێرمنداڵان و ئەرکی یەکیەتیی لاوان و ئیسلامی سیاسی و توشبوون بە مادده سڕکەرەکان، لەو تەوەرانە بوون کە لە کۆنگرەدا گرنگیان پێدراوە.

**٢- بەشداری لاوان لە بەڕێوەچوونی بەرنامە کارییەکانی کۆنگرە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ئەگەر بە واقعبینییەوە چاو لێبکەین و تەنیا لایەنی پۆزەتیڤی باسەکان نەبینین دەتوانین بڵێین لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک و کۆنگرەیەک ١٠٠٪ی بەشداربووان بەشدارییان لە باسەکاندا نابێ و بەشێکی دیار ڕا و ڕەخنە و تێبینیان هەیە، بەڵام لەسەر بابەتە چارەنووسازەکان و زۆر پلانی کاری دیکە، باس و موناقشەیەکی زۆر کراوە و ڕۆڵی نوێنەرانیش زۆر بەرچاو بووە کە ئەکرێ بڵێین زۆرینەیان بەشداریی باسەکانیان کردووە.

**٣- بە باوەڕی جەنابت ئەو کۆنگرەیە چ جیاوازییەکی لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکە هەبوو؟**

هەر وەکوو پێشتریش باسم کرد زیادکردنی ماوەی تەمەنی ئەندامەتی یەکێک لە جیاوازییەکان بوو لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکە و ئاوڕدانەوەیەک لە شارەکانی ئیلام و کرماشان و گرنگیدان بە مێرمنداڵان وەکوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان و هەروەها هەڵسەنگاندنی شێوە خەباتی نوێی حدکا و ئەرک دیاری کردن بۆ ئەو ڕێکخراوە لەو خاڵانەبوون کە لەکۆنگرەی ٨ بەچڕی باسیان لەسەر کرا.

**٤- پێوەندیی ڕێکخراوی لاوان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لاوانی بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆنە؟**

لەو ڕووەوە دەکرێ بڵێم زۆر لە پێشین و ماوەی سالانێکە لەو پێوەندییەدا هەنگاوی زۆر جیددی و کاریگەرمان ناوە. پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر ئەرێنییە، بە تایبەت ڕۆڵی هاوڕێی بەڕێزم کاک فواد خاکی بەیگی لەو بەشەدا زۆر بەرچاو بووە، بەو هیوایە بتوانین لە داهاتووشدا کاریگەرتر و بەرچاوتر ئەو ڕۆڵانە بگێڕین و پەیوەندییەکان چڕ و پڕتر بکەین.

**٥- ئێوە بەرەو ٧٠ ساڵەی تێکۆشانتان دەڕۆن، بۆچی تا ئێستا تەنیا ٨ کۆنگرەتان بەستووە؟**

قۆناغە مێژووییەکانی خەباتی یەکیەتیی لاوان کە دابەش دەبێت بەسەر ٣ قۆناغدا هەرکام بە پێی هەلومەرج و شەرایەتی زەمانی و مەکانی، یەکیەتیی لاوان توانیوویەتی تێکۆشانەکانی خۆی بەرەو پێش ببات، بۆ نموونە لەسەردەمی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە ئەرکی کۆکردنەوەی توێژی لاو لە دەوری کۆمار و پەروردە و بارهێنانیان بە زمان و داب و نەریتی کوردەواری و ئاشنا کردنیان بە مافەکانیان، وەئەستۆ گرت، لە قۆناغی دووهەم و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەشێکی بەرچاو لە لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویان لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات دەکرد بەڵام تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوە بوو ئەو کاتە بنکەکانی یەکیەتیی لاوان دامەزرانەوە و ئەو لاوە کەمتەمەنانەیان لە دەوری خۆ کۆ دەکردەوە، بەڵام بەگشتی بە دوای ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی سەرلەنوێ بنکەکانی یەکیەتیی لاوان بوژانەوە و هێڵە گشتییەکان و ستراتیژییەکی نوێ و بەرنامە و پێڕەو داڕێژرانەوە و لەو کاتە بەدواوە هەر ٢ ساڵ جارێک ڕێکخراوەکەمان کۆنگرەکانی خۆی بەستووە.

**٦- ئاکامی کۆنگرەی ٨ی لاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

گەشبینم و هەنگاوەکانمان بۆ بە ئاکامگەیشتنی پلان و پرۆژەکارییەکانمانە و ئاواتەکانیشمان هەنگاونانە لە ڕاستای خواست و چاوەڕوانییەکانی توێژی لاو بە گشتی و بەتایبەتیی ئەندامەکانی ڕێکخراوەکەمان.

**٧- ئەرکی لاوان لەگەڵ هەلوومەرجی ئێستای خەباتی نەتەوەی کورد، چۆن دەبێت؟**

ئێمە چ وەک توێژی لاو و چ وەک یەکیەتیی لاوان لەهەمبەر ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان خۆمان بە ئەرکدار دەزانین لەگەڵ ئەوەشدا وەک یەکیەتیی لاوان بەرامبەر ئەندامەکانمان و توێژی لاوی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرپرسیارەتیمان لەسەر شانە کە لە ڕاستای خواست و چاوەڕوانییەکانی ئەوان دەبێت هەنگاوی جیددی بۆ هەڵبگرین.

**٨- لە کۆتاییدا چ وتەیەکت بە گشتیی بۆ لاوان و بە تایبەت بۆ لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە؟**

خۆ بەئەرکدار زانین لەهەمبەر توێژی لاو و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە هێڵە گشتییەکانی ڕێکخراوەی یەکیەتیی لاوانە و ئێمە هەوڵەکانمان لە ڕاستای وەدیهێنانی خواستەکانی توێژی لاوە، و گرینگی دان بە پرسی لاو لە هەر چواربەشی نیشتمان و بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەرکی ڕێکخراوەیی ئێمەیە.

داواکارین لەسەرجەم لاوانی کورد بەتایبەت ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە ڕاستای بەرەوپێشچوون و وەدیهێنانی خواستەکانیان، هاوکار و ڕێنمامان بن و چۆن لە پێشتر سەلماندوویانە کە پشتیوانی بزووتنەوەی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەیان بوون، ئێستاش پشتیوانی دووبارە بوژانەوەی خەباتی نوێی حدکا و یەکیەتیی لاوان بۆ بەرگری کردن لە ئامانج و دەستەکەوتەکانمان بن.

---

## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ ئیمام کازم سدیقی، مەلا گرینۆکەکەی نوێژی هەینیی تاران کە بە پێچەوانەی خۆی، وتەکانی بۆ زاخاوی مێشك و پێکەنین رکابەریان نیە، دەڵێ: «ڕۆژئاواییەکان دەیانهەوێ وتەکانی ئیمام چەواشە بکەن».

لێرەدا پێویستە بڵێین کە بۆ چەواشەکردنی قسەیەك دەبێ سەرەتا لێی تێ بگەی، بۆ ئەوەی لێی تێ بگەی دەبێ خودی خاوەن قسە لە قسەکەی خۆی تێ گەیشتبێت، بۆ ئەوەی خودی خاوەن قسە لە خۆی تێ گەیشتبێ دەبێ قسەکە سەر و بنی هەبێ، بۆ ئەوەی سەر و بنی هەبێ دەبێ خاوەن قسە بەردەنگەکانی خۆی بە مرۆڤ بزانێ نەك بە مەڕ، بۆ ئەوەی خاوەن قسە بەردەنگەکانی بە مرۆڤ بزانێ دەبێ بۆ خۆی بزانێ جیاوازیی مەڕ و مرۆڤ چیە ... بەڵام بە داخەوە فەرمایشاتی ئیمامی راحل بە جۆرێکن کە هیچ یەك لەو مواسفاتەیان تێدا نیە و لە هەموو قەباحەتتر ئەوەیە کە بۆ وەرگێڕان بە زمانێکی دیکە و بە تایبەت زمانە زیندووەکانی دنیاش نابن، چ بگات بەوەی کە کابرای ئینگلیزی یان فەرەنسی یان ئاڵمانی دانیشێ قسەکانی ئەو نابەڕێزە چەواشەش بکات. تا ئیستا بیستووتانە نووسەریکی بیانی قسەیەکی خومەینی بە نموونە بهێنێتەوە؟ نا؟ لە بەر چی؟ لە بەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا نازانن چی دەڵێ تا تەرجومە و پاشان چەواشەی بکەن (ئەوەش یەکێك لە موعجیزاتی ئینقلابە).

من لێرەدا رستەیەکی خومەینی لە فارسییەوە دەکەمە کوردی (هەڵبەت ئەگەر لەگەڵ فارسییەکەی بەراوردی بکەن بە حەیاتتان نایناسنەوە). ئەگەر ئێوە لێی تێ گەیشتن، ئەمریکاییەکانیش لەوانەیە لێی تێ بگەن.

ئیمام دەفەرموێ: «با وا نەبێت کە هێندێك کەس لە شوێنێکدا بۆ خۆیان دانیشن و جۆرێك ببێت کە بڵێن جۆرێك بووە کە بیگەیەننە گوێی هیندێك کەس».

هەر بۆیە جیهان تەنیا سەیری کردارەکانی خومەینیی دەکرد و دەیخوێندەوە، نەك وتارەکانی یان وەسیەتنامەی سیاسی ئیلاهی. نەك هەر کابرای بیانی، بەڵکوو خەڵکی بەر مینبەرەکەی جەماران و شوێنکەوتوانی خودی ئاغا و ئەسحاب و ئەنساری بن دارسێوەکەی نووفل لووشاتۆش نەیاندەزانی چی دەڵێ. هەر بۆیە خامنەیی پێی وایە تەنیا ئەو درێژەدەری ڕێبازی ئیمامە، لە حاڵێکدا کە مووسەوی و کەڕووبی پێیان وایە عەرەبانەی ڕێبازی ئیمام تەنیا ئەوان رایدەکێشن. ئەحمەدی نژاد پێی وایە خوێنی ئیمام لە شادەمارەکانی ئەودا جرت و فرت دەکات، بەنی سەدر و ئیبراهیم یەزدی و ئەکبەر گەنجی و حیزبی توودە و جیمی کارتێر و میشل فۆکۆ و خەڵخاڵی و خاتەمی و مەهدی بازرگان و ئەحمەد خاتەمی و سەعید ئیمامی و حەسەن نەسروڵڵا و مەسعوود بێهنوود و تریتا پارسی و بابەك زەنجانی و حەماس و حیزبی پان ئێرانیست و پان تورکیستەکان و ... هەر کامەیان بە جۆرێك کلکیان بە سەردەمی زێڕینی ئیمامەوە گرێ داوە و لەگەڵ هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیاندا هەموویان درێژەدەری ڕێبازی ئیمامیشن. تەنانەت حیزبی کوردیی واشمان هەیە کە داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکات با هەمووومان بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ئیمام یان پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ئیمام بۆ کوردستان بکەینە بنەمایەك بۆ لێکتێگەیشتن (چمان خودی ئیمام لە خۆی تێ گەیشتبێت تاکوو خەڵکی دیکەش پەیامەکەی ئەو بکەنە بنەمای تەفاهوم و تەعامول).

ـ هێندێك کەس هێشتا پێیان وایە شۆڕشی ئێران هەر بە ڕاستی شۆڕش بووە، هەر بۆیە بە هەزار و یەك فەلسەفە و خۆ ماندووکردن دەیانهەوێ بە دوای هۆکارەکانی ئەم شۆڕشەدا بگەڕێن. لە حاڵێکدا کە هەموومان و هەموویان بە سەر ڕووداوێکدا کەوتن کە ئیستاشی لەگەڵ بێت نە دەزانین چۆن بوو و نە دەزانین بۆ چی رووی دا. زۆر کەس لەوانەی کە دروشمیان دەدا «ئازادی» هەر لە بنەڕەتدا نەیاندەزانی ئازادی چیە. بۆیە ئازادییان لەوەدا دیتەوە کە بە ئازادی دەستی خومەینی ماچ بکەن. کەسانێکیش هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشەوە پێیان وابوو ئازادی یانی بە کەیفی خۆت ئیعدام بکەی و ڕۆژنامەکان و حیزبەکان یەك لە دوای یەك دابخەی. هێندێك لەوانە تۆزێك ئازادیخوازتر بوون و زیاتر خۆیان پێوە ماندوو دەکرد، بۆیە لە کاتی ئەشکنجەدانی زیندانییەکاندا جگەرەیەکیان دەکێشا کە پێی دەوترا «ئازادی». کۆمەڵێکیان زیاتر لەوەش چوونە پێش و ئیتر خەریك بوو ببنە تۆماس جێفرسۆن، بەڵام ئەوانیش لە ئەنجامدا قەناعەتیان هێنا بەوەی کە گۆڕەپانی گەورەی هەموو شارەکان کە شوێنی ئیعدام و چاودەرهێنان و لووت و گوێ بڕینی خەڵك لە لایەن حکوومەتەوە بوو، ناوی «ئازادی»ی لە سەر بێت. باوەڕ بفەرموون خودی ئیمامیش نەیدەزانی ئازادی چیە، بۆیە جاریك دەیگوت ئازادی یانی «ویلایەتی فەقیە» و جاری دیکە لە گوتاربێژییەکی مێژووییدا ئاماژەی بە شوێنێکی خۆی دەکرد و دەیگوت: «ئازادی یانی ئەمە». کۆمەڵێکیش کە بڕێك خوێندەوارییان بە خۆیانەوە شك دەبرد دەیانگوت ئازادی یانی «دیکتاتۆریی پرۆلتاریا!». کەسانێکیش هاتن وتیان ئازادی یانی لە نێو دەسەڵاتداراندا هەر کەسێك بە کەیفی خۆی ئیمپراتۆرییەکی ماڵی دامەزرێنێت و حیسابی توورێکی تەڕ بۆ یاسا نەکات. بۆیە ئیستاشی لەگەڵ بێت وشەی «ئازادی» لە ئێراندا تاقە شتێکە کە بۆ پێناسەکردن یان باشتر بڵێین بۆ چەواشەکردنی، ئازادیی تەواو هەیە.

# جیهادی خومەینی لەدژی گەلی کورد و جینایەتەکانی خەڵخاڵی لە کوردستان

ن: ئیبراهیم قاسمی زاد
وەرگێڕان: ڕووش

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، خاڵی دەسپێکی کوشتارەکانی خەڵکی کوردستانە کە بە بڕیاری خومەینی و بە حوکمی جیهاد لەدژی «کافرەکان» بەڕێوەچوو و بوو بە شەڕێکی هەمەلایەنە لەدژی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان. شەڕێك کە لە شێواز و پانتایی جۆراوجۆدا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. ئەمەش بەو هۆیەوە کە لە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەرچەشنە مافویستییەك و هەر چەشنە ئەندێشەیەکی جیا لە چوارچێوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ بە هەڵە و ناڕاست دادەنرێت و دەچێتە قەوارەیەکەوە بە ناوی «جیایی خوازی» . هەر ئەم فەلسەفە و ئیدئۆلۆژییە چەق بەستووەش بوو کە وای کرد کۆماری ئیسلامی ڕێڕەوی سەرکوت کردنی جیابیران بگرێتەبەر و وڵاتی ئێرانی کردە گۆڕستانی ئازادی. پاش ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خەڵك چاوەڕوان بوون کە بە مافە پێشێلکراوەکانیان بگەن. خەڵك پاش دان بەخۆداگرتن لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازار و ژانەی کە لە دژیان بەڕێوەچووبوو و دانی نرخێکی زۆر چاوەڕوان بوون بتوانن بڕیار بۆ چارەنووسی خۆیان بدەن و لە کاروباری وڵاتدا بەشدار بن. بەم پێیەش دەستیان دایە دامەزراندنی شۆرا و کومیتەی خۆجێیی کە وێنەی هاوچەشنی تەنانەت لە ناوەندیشدا دەبیندرا. هەنگاوێك کە دەسەڵاتبەدەستانی ناوەند و داشدارانی حکوومەت و ئاخووندەکانی تینووی زوڵم و دیکتاتۆری بەتەواوی لێی تۆقیبوون.

حاکمە تازەبەدەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران لە باتی دابەش کردنی هێز و دامەزراندنی سیستمیکی دێموکراتیکی مرۆڤتەوەرانە لە هەموو ئێراندا، دەستیان کرد بە سەرکوتی نەتەوەکان و جیابیران کە ڕۆڵێکی کارایان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبوو. بە سەرنجدان بە جوگرافیای بەربڵاوی ئێران و بوونی باوەڕ و ئایین و نەتەوەی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا، حاکمانی نوێیش شێواز و مێتۆدی جۆراوجۆریان بۆ سەرکوتی خەڵك هێنا کایەوە. سەرکوتەکانیان لە سەرەتادا لەدژی بزوتنەوەکانی کرێکاری و خوێندکاری دەسپێکرد و دواتر لە ئەهواز و تورکەمەنسەحرا شەڕی مەزهەبییان لە نێوان شێعە وسوننییەکاندا هەڵگیرساند کە چیرۆکی خوێناوی تورکەمەنسەحرا و کوشتاری هۆزەکانی عەرەب و خەڵکی بەلووچ لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دیار و بەرچاون. هەروەها بە ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی لەو ناوچانەی کە کورد و تورك و ئەرمەنی ماوەیەکی دورو درێژ بە ئاشتیيانە پێکەوە ژیابوون، بوونە هۆکاری هاتنە ئارای کۆمەڵێك شەڕی خوێناوی و چاندنی تۆوی دوبەرەکی لە نێوان ئەم خەڵکەدا. ئەم شەڕانە کە لەلایەن نوینەری وەلی فەقیهـ لە ورمێ (مەلا حەسەنی)، کۆمیتەچی و پاسدارەکانەوە سەرپەرستیی دەکرا تەنیا لە گوندەکانی وەك قاڕنێ و قەڵاتان، سەوزی، ئیندرقاش، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کویکان، کارێز و هەندێك گوندی دیکە کوژرانی سەدان هاووڵاتی مەدەنی بە زەبری چەکی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە.

خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەردەمی حکوومەتەکانی پێشووتریشەوە زۆرترین زوڵم و سەرکوتیان ئەزموون کردبوو، لە بەرانبەر هێرشی مەغۆل ئاسای کۆماری ئیسلامیدا، ئامادەتر لە نەتەوەکانی دیکە، لە ماوەیەکی کورتدا توانیان بە هاریکاری حیزبە سیاسییەکان، نوخبە و بژاردەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێك بخرێن و کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیان بگرنە دەست. ئەم هەنگاوەی گەلی کورد بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و بەتایبەتی خودی خومەینی جێگەی پەسن نەبوو. ناوبراو نەیدەتوانی لە بەرانبەر ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی قەڵەم، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە نەتەوەی کورد ماوەی چەندین ساڵ بوو بۆ وەدەست خستنی خەباتی کردبوو بێدەنگ دانیشێ. لەلایەکی دیکەشەوە گۆپاڵ بەدەستەکانی خومەینی نەیاندەتوانی بە ئاژاوەگێڕی و دوبەرەکی نانەوە ئەم هاوکاری و ڕێکخستن و ئازادییە لەنێو ببات. بۆیە بە کەڵکاژۆوەرگرتن لە فێڵ و تەڵەکەی شەرعی و خستنە پاڵی ناتۆرەی جیایی خوازی ، لە سەرلەبەیانی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی هەتاوی شەڕێکی هەمەلایەنەی لە ژێر ناوی جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان وەڕێخست. بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان بەرەیەکی کۆنەپەرستانە لەدژی گەلی کورد سازکرا. تاقمێك دادوەری خوێنمژ بە سەرپەرستی ئاخوند سادق خەڵخاڵی و بە پاڵپشتی ئەرتەش بەرەو کوردستان وە ڕێکەوتن. لە هەندێك شاری کوردستاندا، خەڵخاڵی داری ئێعدامی هەڵواسی و سەدان لاو و بژاردەی کوردستانی لە ڕەوتی دادگایەکی فەرمایشی ٢ تا ٣ خولەکی لە سێدارە دا و سەدان کەس لە خەڵکی بێ تاوانی تیرباران کرد.

سەرەڕای ئەم کوشتارە کوردستان هیچ کات خۆی نەدا بەدەستەوە. لە هەندیك شاری کوردستان لەوانە سەقز، بانە، مەهاباد، پاوە و.... خۆڕاگرییەکی بێ وێنە و مێژوویی وەڕێکەوت کە خەونی لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردستانی بۆ کردنە بڵقی سەر ئاو کە نموونەی بەرچاوی ئەم بەرخۆدانە شەڕی ٢٧ ڕۆژەی شاری سنە بوو. ئەم شەڕە کاتیك دەستی پێکرد کە هێزەکانی ئەرتەش پاش چەندین شکستی یەك لە دوای یەك لە بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە، دیسانەوە هێزەکانیان کۆکردەوە و سەرقاڵی جیبەجێ کردنی بڕیاری جیهادی خومەینی بوون. سەرکۆماری ئەو کات، ئەبولحەسەن بەنی سەدر کە هاوکات فەرماندەی گشتی هیزە چەکدارەکانیش بوو بە بڕیارێکی لەم چەشنە :»ئەرتەش مافی ئەوەی نیە پێڵاوەکانی دەربێنێت تاکوو قەیرانی کوردستان یەکلایی بکات و کوردستان لە بوونی یاخییەکان پاك بکاتەوە.» بەرەو سنە لەشکرکێشی کرد. ئەم هەنگاوەی ناوبراویش بووە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان هەیئەتی دەوڵەت بە سەرپەرستی فروهەر و حیزبە کوردستانییەکان کە خوازیاری چارەسەری پرسی کوردستان لە ڕێگەی دیالۆگ و بە میتۆدیکی ئاشتیخوازانە بوون. بەهۆی بوردومانە هەواییەکان و هێرشی تۆپخانەکانی ڕێژیمەوە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی بێ تاوان کوژران و بەشێکی بەرچاو لە شاری سنە خاپور کرا. بەڵام خۆڕاگری خەڵك هەروا بەردەوام بوو و ئیرادەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات لەدژی ڕێژیم لێبڕاوتر بوو.

ئەمرۆ پاش ٣٦ ساڵ لە دەرچوونی حوکمی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان، خەباتی مافویستانەی گەل بە ڕەواییەکی زیاتر و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە هەروا بەردەوامە و بەڕێوەبەرانی دەزگای سەرکوتی ویلایەتی فەقیهـ لە هەموو کاتێك زیاتر ڕیسوا و تەریك کەوتوونەتەوە و ئەوەیکە لە بەرامبەر خۆیدا دەیبینێت ڕقی بێ کۆتایی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و تەنانەت هەموو ئێرانە.










# پەیمانی سێڤەر و سنوورە دەستکردەکان


ڕووکەن

لە ڕۆژی ١٠ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٢٠ پەیماننامەی سێڤەر واژۆ کرا، کە تێیدا هەیئەتێکی کورد بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا بەشدار بوو و تێیدا باس لە دانی مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد کرا، کە بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی فەرمی ئەو مافە بۆ کورد بە ڕەوا دەبیندرا. لە بەندی ٦٤ دا بە ئاشکرا باس لەوە کرابوو کە دەبێ لەو مەڵبەندانەدا کە کورد دەژین سەربەخۆییان پێ بدرێ و تورکیاش دەست لەو مەڵبەندانە هەڵگرێ. هەروەها باس لەوە کرابوو کە ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ بیانەوێ بچنە پاڵ ئەو حکوومەتە کوردە، ئەوا دەتوانن و هاوپەیمانەکانیش هیچ چەشنە پێشگیرییەکیان لێ ناکەن. بێگومان ئەگەر ئەو پەیمانە وەك خۆی جێبەجێ کرابا، ئەوا ئەمڕۆ کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ بوو و ڕەنگە ئەو هەموو کارەساتانەی وەك کیمیاباران، ئەنفاڵ، کوشتاری بە کۆمەڵ و ...هتد بە سەریدا نەهاتبا.

لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا ئامانجی بریتانیا و فەرانسە زیاتر لەوەی کە خزمەت بە نەتەوە ژێردەستەکان بێ، پێشگرتن لە گەشەسەندنی شۆڕشی سوسیالیستیی ڕووسیە بەرەو ناوچەکانی دیکە و بە کوێلەکردنی نەتەوەبندەستەکان و پارچە پارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو. بەڵام ناتەبابوونی کوردەکان و لاوازی و بێ ئەزموونییان لە بواری کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکان، بوو بە هۆی ئەوەی کە کورد نەتوانێ گوشار بۆ سەر سیاسەتی جیهانی و دەوڵەتانی خاوەن بڕیار دروست بکات و لە هەمووی گرینگتریش بەهێزبوونی کەمالیستەکان و وەسەریەکخستنەوەی خاکی تورکیا لە لایەن کەمالیستەکانەوە و هەروەها دۆزینەوەی نەوت لە کوردستاندا بووە ئەو فاکتەرە کاریگەرەی کە ڕێگەی نەدا ئەو بەندانەی پەیماننامەکە کە باسیان لە دانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەکرد وەدی بێن. ئەوە بوو کە لە ٢٤ی ژوئیەی ١٩٢٣دا پەیماننامەی لۆزان ئیمزاکرا و تەنیا ئەوەندە باس لە کورد کرا، کە پێویستە ڕێز لە مافی کەمینە فەرهەنگی و ئایینیەکان بگیردرێ.

بەم شێوەیە هەروەك نووسەری بیانی بە ناوی «بوانکاریە» دەڵێ: «پەیمانی سێڤەر کە لە کارگەی دروستکردی دەفر و قاپی چینیدا واژۆ کرا، ئەویش وەك بەرهەمەکانی کارگە شکانی هاسانە». (کتێبی کوردستان و کورد)

ئێستا کە نزیك بە سەدەیەك بە سەر واژۆ کردنی ئەم پەیماننامەدا تێپەڕ دەبێ، دوژمنێکی زۆر مەترسیدار و تیرۆریستی دژی کوردی وەك داعش، ڕادەگەیەنێ کە بۆ دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی، سنوورە دەستکردەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆیە پێویستە کوردیش لە هەر یەك لەو بەشانەی کە تێیدا خەبات دەکا، بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان بە بیرێکی بەهێزی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆی هەوڵ بدات، بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا پەیوەندی و لێك نزیك بوون ئەوەندە بە هێز بێ کە هەست بە بوونی ئەو سنوورە دەستکردانە لە نێوان خاکی دابەشکراوی کوردستاندا نەکرێ.



ناهید حسێنی

# پایزی خەونە سپییەکان



ئەمنووسێتەوە
هەردەم
وەك خەیاڵێکی یاخی
بە نێوچەوانی ئەسپە کوێتێکەوە
غار ئەدات و
لاپەڕە لاپەڕە
فرمێسك و شادیم تۆمار ئەکات

مێژوویەکی سوور
رۆژگارێکی سوور
دەزرینگێتەوە
زرۆکە زرۆك
بەسەر دارەسووتاوەکەی تەمەنمەوە
هەڵدەنیشێ
جریوەی دێ
چەخماخە لێئەدات
کلو کلو  دائەبارێت و
گڵەوەزەکان دەنووسێتەوە

لە نێوان کرێوە و ئاگردا
خەیاڵ
نووسەکی گلیار و لقە
دوو پەنجەی کەشیرەیە
یاخی و بە تاو
وەك تاوەبارانێك
لە نێوچەوانی هەور دادەبڕێت
وەك گەردەلوول
لوول دەخوات و
وەکوو ئاو پەنگ.

لەو دیوی شووشەی پەنجەرەکانمانەوە
ئەڕوانێت و
ئێمەش دەڵێین
چ مانگەشەوێکە
ئەو ساتانەی تۆ دەکەویتە ئاخڵەیەك لە غروورەوە
دەبیتە سەربەرزی
دەبیتە نیشتمان
بوونمان و سەرمان
مانا دەگرن

ئەمنووسێتەوە و
تێدەپەڕێت
ئەم رێبوارە کەسیرەی
بن گوێسوانەی ئازادی.

سەیر کە
باڵندەکان لە ئاخماندا دەژین
هەورەکان سەریان بە هەنسکەوە دەنێن

سەیر کە
ئەم وێنا سادەیەی ژیان

لە بەرکەوتنی ئێمە و شووشەکاندا
لەتمان دەکا
سووڕمان ئەدا و
دەستمان لە گلیار و هەتاو بەرئەدا
سەفەری جەستەمان
بەرەو خاك ئەبات و
تەنیا بیرەوەری بارووت و
دەراغە بەتاڵەکانمان بۆ دەمێنێتەوە.

کۆتایی جەنگ
واتە هەڵواسینی چەکەکانمان بە دیوارەوە
کردنەوەی چۆکمان و
سپاردنی کۆڵەپشتییەکانمان
بە ئازارەکانی غەریبی
واتە
حەسانەوەی دڵۆپێك ئاو
لە دڵی زەریادا
ژیان و ژیانەوە
لەگەڵ خاشەکانی پیرترین درەختەکاندا
کرانەوەی پەنجەرەکان و
فڕینی خەیاڵی شووشەکان
لە بەستەڵەکترین رۆژی رێبەنداندا

کۆتایی جەنگ
واتە کرانەوەی چاوی کانیلەکان
پێکەنینی شکۆفە چاونەپشکووتووەکان
گەڕانەوەی بەرائەتی واتاکان
هەڵکردنی شێتۆکەترین گەردەلوولەکانی ئازادی و
لە چوارچێوەگرتنی قارەمانیەتی

لە چوارچرای دڵمانەوە
چوار چرا داگیرسێنین و
چاوەڕوانی چرایەك بین
نووتەکترین شەوەکان رووناك کاتەوە و
پێمان بڵێ
یەك و یەك و یەك و یەك
هەر دەکاتە یەك

کێ لە پایزی ئەم خەونە تێدەگات
کێ لە پایزەڕێزی ئەم خەیاڵە تێدەگات

ئێمە خاراوین و
کەس پایەناز بۆ
خەونە سپیەکانی ئازادی ڕاناخات.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 659 ▪ 23 Agu 2015



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## درەختێکی ڕیشەدار و ٧٠ ساڵ گەشە



فۆتۆ: سەلاح نادری